هەرێمی کوردستان- عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر


# داواکردن و ڕەتکردنەوە لەزمانی کوردی دا بە پێی تیۆری کردە قسەییەکان

نامەیەکە
پێشکەش بە ئە نجومەنی کولێژی زمان لە زانکۆی سەلاحەددین- کراوە
وەك بەشێك لە پێویستییەکانی پلەی ماستەر لە زمانی کوریدا


لەلایەن
حەسەن عەلی ئیبراهیم بەکالۆریۆس لە زمانی کوردی-زانکۆی سەلاحەددین هەولێر-٢٠٠٦

بە سەرپەرشتی
د.رحیم قادر سورخی - مامۆستا



خەرمانان ٢٧١٥ کوردی   شەوال ١٤٣٦ کۆچی   ئاب ٢٠١٥ زایینی

## ڕاپۆرتی سەر پەرشتیار

ئەم نامەیە کە بە ناونیشانی (داواکردن و ڕەتکردنەوە لە زمانی کوردی دا بەپێی تیۆری کردە قسەییەکان )ە قوتابی (حەسەن عەلی ئیبراهیم )بەسەرپەرشتی من لە کۆلێژی زمانی زانکۆی سەلاحەددین ئامادەی کردووە، بە شێکە لە پێویستیەکانی پلەی ماستەر لە زمانی کوردیدا.

سەر پەرشتیار:د. رحیم قادر سورخی

مێژوو: / / ٢٠١٥

بە پێی پێشنیازی مامۆستای سەرپەرشتیار ئەم نامەیە پێشکەش بە لێژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم

ناو: پ.ی.د.ئیدریس عەبدوللا

سەرۆکی بەشی زمانی کوردی

مێژوو: / / ٢٠١٥

## ڕاپۆرتی لێژنەی گفتوگۆ کردن

ئێمە ئەندامانی لێژنەی تاوتوێکردن و هەڵسەنگاندن، ئەم نامەیەمان خوێندەوە، کە بە ناونیشانی (داواکردن و ڕەتکردنەوە لە زمانی کوردیدا بەپێی تیۆری کردە قسەییەکان)ە ، وقوتابی (حەسەن عەلی ئیبراهیم) مان تاقی کردەوەو گفتوگۆمان لە گەڵیا لە بارەی ناوەڕۆك و لایەنەکانی ترییەوە کرد و بڕیارماندا کە شایەنی ئەوەیە بە پلەی ( ) بڕوانامەی ماستەری لە زمانی کوردی لەبواری زمان پێبدرێت.

| | |
|---|---|
| سەرۆکی لێژنە | ئەندام |
| پ.د.یوسف شەریف سعید | پ.د. صباح رشید قادر |

ئەندام ئەندام و سەرپەرشتیار

د.عاگف عەبدوللاّ فەرهادی د.رحیم قادر سورخی

له لایەن ئەنجومەنی کۆلێژی زمان – زانکۆی سەلاحەددین–هەولێر پەسند کرا

ناو: پ.ی.د.شادان جەمیل عەباس

ڕاگری کۆلێژی زمان

بەوەکالەت

زانکۆی سەلاحەددین

مێژوو: / / ٢٠١٥

# پوختەی لێكۆڵینەوە

ئەم لێكۆڵینەویە بە ناونیشانی (داواكردن و ڕەتكردنەوە لە زمانی كوردیدا بەپێی تیۆری كردە قسەییەكان)، داواكردن و ڕەتكردنەوەوەك دووكردەی قسەیی ڕۆڵێ بەرچاو دەگێرن لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا . و بۆ تێگەیشتن لێیان ئاخێوەران پێویستیان بە ئاستێكی بەرزی زانین هەیە چونكە هەرڕۆچوونێك  لە بنەماكانی داواكردن یان ڕەتكردنەوەدا ڕوودەدات دەبێتە هۆی پەككەوتنی گەیاندن.

ئەم لێكۆڵینەوەیە تیشك دەخاتە سەر داواكردن و ڕەتكردنەوە لە زمانی كوردیدا. تیۆری كردە قسەییەكان بەكار هاتوون بۆ  ڕوون كردنەوەی  گفتو گۆ كان وەكو فاكتەرێك بۆ گەیاندن و بە دەستهێنانی مانای براكماتیكی (شاراوە).جگە لە پێشەكی ، ئەم لێكۆڵینەوەیە بەسەر سێ بەش دا دابەش كراوە:

بەشی یەكەم باسی كردە قسەییەكان ومەرجەكانی سەركەوتنی كردەی ڕاپەڕاندن،جیاوازی نێوان گوتەی ڕاپەڕاندن و ڕاپۆرتی وهەروەها جەخت دەكاتە سەر چۆنیەتی تێگەیشتن لە كردە قسەییەكان و ڕەخنەكان لەسەر تیۆری كردە قسەییەكان .

بەشی دووەم بە ناونیشانی داواكردنە  وسەرنج دەخاتە سەرشێوازی داواكردن وكردەكانی داواكردن  لەگەڵ دەوروبەری كۆمەلآیەتی و پێكهاتەی سینتاكسی داواكردن.

بەشی سێیەم ڕەتكردنەوەیە، كردەی قسەیی ڕەتكردنەوە،ستراتیژی ڕەتكردنەوە،ڕەتكردنەوەو هۆكارە كۆمەلآیەتیەكان.

لە كۆتای لێكۆلینەوەكەدا ئەنجامی باسەكە و سەرچاوەكان خراونەتە ڕوو .

نـــــاوەڕۆك


| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| ڕاپۆرتی سەرپەرشتیار | أ |
| ڕاپۆرتی لێژنەی گفتوگۆكردن | ب |
| پوختەی لێكۆلینەوە | ت |
| نـــاوەڕۆك | پ - ج |
| پێشـــــەكی | ح - خ |
| بەشی یەكەم : كردە قسەییەكان | ١-٣٢ |

| | |
|---|---|
| تەوەرەی یەکەم: تیۆری کردە قسەییەکانی ئۆستن | 1 |
| مەرجەکانی سەرکەوتنی کردەی ڕاپەڕاندن | 4 |
| جیاوازی نێوان گوتەی ڕاپەراندن و گوتەی ڕاگەیاندن | 5 |
| جۆرەکانی کردە قسەییەکان | 9 |
| تەوەرەی دووەم: کردە قسەییەکانی جۆن سێرل | 11 |
| بەراورد لە نێوان ئۆستن و سێرل | 13 |
| کردە مەبەستدارەکانی سیرل | 15 |
| کردە قسەییەکان و زمان و قسە لەلای دی سوسیر | 16 |
| پێکهاتەی کردەی قسەیی لە لای سیرل | 18 |
| کردە قسەییە ناڕاستەوخۆکان | 19 |
| تێگەیشتن لە کردە قسەییە ناڕاستەوخۆکان | 20 |
| ڕەخنەکان لەسەر تیۆری کردەقسەییەکان | 22 |
| سێرل وپێنج پۆلٚ پێشنیازەکەی بۆ کردە قسەییەکان | 24 |
| لێکەوتەکانی ئاخاوتنی گرایس | 25 |
| بنەماکانی هاریکاری | 27 |
| بەشی دووەم:داواکردن | ٥٣-٣٣ |
| تەوەرەی یەکەم:داواکردن چیە؟ | 33 |
| شێوازەکانی داواکردن | 34 |
| شێوازەکانی فەرماندان | 35 |
| کردەی ڕستەی فەرماندان | 37 |
| پرسیارکردن | 39 |
| کردەی ڕستەی پرسیار | 41 |
| کردەی ڕستەی هەواڵ گەیاندن | 43 |
| تەوەرەی دووەم: دەوروبەری کۆمەڵایەتی | 45 |
| پێکهاتەی سینتاکسی داواکردن | 49 |
| پێکهاتەی ڕستەی فەرماندان | 49 |
| پێکهاتەی ڕستەی پرس | 51 |
| پێکهاتەی ڕستەی هەواڵ گەیاندن | 51 |
| بەشی سێیەم:ڕەتکردنەوە | ٧٤-٥٤ |
| تەوەرەی یەکەم:کردەی قسەیی ڕەتکردنەوە | ٥٤ |
| ستراتیژی ڕەتکردنەوە | 56 |
| تەوەرەی دووەم:ڕەتکردنەوە و هۆکاری کۆمەڵایەتی | 69 |

| | |
|---|---|
| ئەنجام | ٧٥ |
| سەرچاوەکان | ٧٧-٨٧ |
| پوختە بەزمانی عەرەبی | I |
| پوختە بەزمانی ئینگلیزی | A |


هەواڵنامەی کتێب

# پێشـــــــــەکی

# پێشـــــەکی

ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە بریتی یە لە "داواکردن و ڕەتکردنەوەلە زمانی کوردیدا بە پێی تیۆری کردە قسەییەکان"،کاتێك قسەکەر قسەیەك دەکات، کردەیەك ئەنجام دەدات .ئەمەش لە ڕێگای هەڵبژاردنی وشەکان و ڕێکخستنیان لە ناو ڕستەدایە، کە قسەکەر بیرو ڕاکانی دەردەبڕێت و لەگەڵ گوێگر دەکەوێتە کارلێککردن. ئەم کارلێککردنە پەیوەندی بە دەوروبەری ئاخاوتنەکەوە هەیە.یەکێك لە ئەرکەکانی زانستی پراگماتیکیش لێکدانەوەی کردەی زمانییە لەدەوروبەردا ،و دیاریکردنی ئەو هەلومەرجانەیە ،کە دیاریدەکات چ جۆرە گوتنێك لە چ دەوروبەرێکی پەیوەندیکردندا سەرکەوتووە ،و چ ناسەرکەوتووە.بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو هەلومەرجانە ناسینی کردەقسەییەکان و ناسینی دەوروبەری بەکارهاتنەکانیان گرینگە، کە ئەمەش پێویستی بە تایبەتمەندییەکانی دەوروبەرو هاوبەشەکانی ئاخاوتن و جێبەجێکەری کردەکان بە پێی تەمەن ، پلە و پایەی کۆمەڵایەتییەوە هەیە.

قسەکەران و وەرگران، بە ئاگا یان بێ ئاگا ستراتیژییەکانی پەیوەندی وەك بەشێك لە توانستی پەیوەندیکردن و توانستی پراکماتیکی خۆیان بەکاردێنن کە لە گەیاندنی مەبەستی پەیوەندیکردنەکەیاندا سەرکەوتوو بن. هەر بۆیە ، ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات ستراتیژییەکانی بەکارهێنانی کردە قسەییەکانی داواکردن و ڕەتکردنەوە بە شێوەیەکی وەسفی و لە سنووری پراگماتیك شیبکاتەوە .

## سنور و کەرەسەی لێکۆڵینەوەکە:

سنووری لێکۆڵینەوەکە زاری کرمانجی ناوەڕاستە و نموونەکانی لێکۆڵینەوەکە لە ئاخاوتنی ئاسایی کۆمەڵەی زمانی کوردی ئەو زارە وەرگیراون بە پێی تیۆری کردە قسەییەکان لە بواری پراگماتیکدا لێکدراونەتەوە.

## ئامانج وهۆی هەڵبژاردنی بابەتی لێکۆڵینەوەکە:

– خزمەتکردنی زمانی کوردی لە ڕێگای ئەم لێکۆڵینەوەیە

– زیادکردنی لێکۆڵینەوەیەکی نوێ بۆ کتێبخانەی کوردی بۆ ئەوەی قوتابیان سوودی لێ وەربگرن و هاندانیان بۆ ئەوەی لەم جۆرە بابەتانە بکۆڵنەوە.

– بەشداری کردن بۆ تەواوکردنی هەوڵەکانی زمانەوانانی پێشوو چونکە شێوەکانی داواکردن و ڕەتکردنەوە لە کەلتووری کوردیدا دەخاتەڕوو و دەشێت ببێتە سەرچاوەیەك بۆ بەراوردکردنی ئەم دیاردەیە لە پەیوەندی نێوان زمانی و کەلتوورییەکانی نەتەوەکانی دیکەشدا.

## ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە:

لەم لێکۆڵینەوەیەدا پەیرەوەی ڕێبازی (وەسفی شیکاری) کراوە بۆ ڕوونکردنەوەی بابەتەکانی لێکۆڵینەوەکە.



هەوراماندی کتێب

## گرینگی لێکۆڵینەوەکە:

– گرینگی لێکۆڵینەوەکە لەوەدایە کە تاکو ئێستا وەکو لێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆ لە بواری کردە قسەیی داواکردن و ڕەتکردنەوە لەزمانی کوردی نەکراوە .بۆیە بە پێویستمان زانی لەم ڕوانگەیەوە پەیوەندی نێوان تیۆری کردە قسەییەکان و داواکردن و ڕەتکردنەوە دیاری بکەین.

## ناوەڕۆکی لێکۆڵینەوەکە:

ئەم لێکۆڵینەوەیە جگە لە پێشەکی و ئەنجام لە سێ بەش پێك هاتووە:

بەشی یەکەم، باس لە تیۆری کردەقسەییەکان دەکات،لەوانە ،کردە قسەییەکانی ئۆستن وسەرکەوتنی کردەی ڕاپەراندن، جیاوازی نێوان گوتەی ڕاپەراندن و ڕاپۆرتی و کردە قسەییەکانی سیرل، تێگەیشتن لە کردە قسەییەکان ، ڕەخنەکان لەسەر تیۆری کردە قسەییەکان.

بەشی دووەم، لەژێرناونیشانی داواکردنە ئەمانە لە خۆ دەگرێت شێوازی داواکردن (فەرماندان، پرسیارکردن،هەواڵگەیاندن) و کردەکانی داواکردن لەگەڵ دەوروبەری کۆمەڵایەتی و پێکهاتەی سینتاکسی داواکردن.

بەشی سێیەم، ڕەتکردنەوە لە مانە پێك دێت کردەی قسەیی ڕەتکردنەوە، ستراتیژی ڕەتکردنەوە، توانا و دەسەڵاتی قسەگەرو گوێگر و ڕەتکردنەوە وهۆکارە کۆمەڵایەتیەکان .

# بەشی یەکەم :

# کـــردە

# قسەییـــەکان

## بەشی یەکەم: کردەقسەییەکان

## أ/ تەوەری یەکەم: تیۆری کردە قســەییەکانی ئۆستن:

فەیلەسوفەکان لەسەر ئەو باوەرە بوون کە زمان بۆ ئەوە بەکاردێت تا جیهان و واقیع بنوێنیٚ واتە دەریبخات چی هەیە و چی نییە. هەر لەبەر ئەمە، ڕاستی چەمکی سەرەکی فەلسەفەی زمان بوو. بەلاّم ئەم تیۆرە زۆر کاری دیکە دەخاتە ڕوو. کە دەکریٚ بە وشەکان بیانکەین،

تیۆری کردە قسەییەکان لە کاردانەوەی پێچەوانە بەم سیٚ بنەمایەی خوارەوە-کە واتاسازەکان وەك بنەمای تێڕوانینیان بۆ واتا قەبوولْیان کردبوو، بەدیهات:

١-ڕستەی ڕاگەیاندن، جۆری سەرەکی ڕستەکانی زمانن.

٢-بەکارهاتنی سەرەکی زمان، زانیاری گەیاندنە لە ڕێگای ڕستەکانەوە.

٣- ڕاست و نا ڕاست واتای ڕستەکان دیاری دەکات.(١)

لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا تیۆری کردە قسەییەکان لەلایەن فەیلەسوفی ئینگلیزی" أوستن"(٢)هاتە کایەوە بۆ ئەوەی هەڵوێستێکی پێچەوانەی هەبێت بۆ ئەو بیرو ڕایانەی کە لە نێوان فەیلەسوف و لۆجیك ناساندا باو بوون.کاتێك کە واتای ڕستەیان شیدەکردەوە دوور لە دەوروبەر، وایان دادەنا کە ڕستەی هەواڵی ڕستەی سەرەکییە، ئەوانی تر لاوەکیین . ئۆستن توانی قۆناغێکی پراگماتیکی نویٚ بێنێتە کایەوە،دەڵێت:(پراگماتیکی شێوەیی لەڕاستیدا بریتییە لە زانستی واتا، تەنیا هەندێك لایەنی نەبێت کە بەستراوەتەوە بە بەکارهێنانی زمان. هەر لە کۆنەوە، ڕستەی هەواڵی گرینگی تایبەتی پێدراوە ،بەلاّم "ئۆستن" لە ڕوانگەیەکی نوێوە خوێندییەوە، ناوی نا "دەربراوە هەواڵیەکان) ولە تیۆرەکەیدا ڕەخنەی گرت لە و بیرو بۆچوونەی کە دەڵێت گوتە هەیە لە ڕووی

(١)کۆرشی صفوی :١٣٨٤:١٢٧.

(٢)جون ئۆستن: (١٩١١-١٩٦٠) فەیلەسوفی زمانی ئینگلیزیە کە بە باوکی پراکماتیك ناسراوە، کردە قسەییەکانی داناوە، هیچ شتێك دەربارەی ژیانی بلاّو نەکراوەتەو تەنیا ئەو پەرتووکە نەبێت بە ناوی (چۆن شت بە ووشە ڕادەپەریٚ) کە ئەم پەرتووکە دوانزە وانە لە خۆ دەگرێت کە لە زانکۆی هارڤارد لە ساڵی ١٩٥٥ پێشکەشی کردووە.

ڕێزمانەوە ڕاستە بەلاّم مانای لوجیکی نیە. کەواتە، بە ڕاست یان چەوت دانانریٚ. بۆیە، دەپرسێت ئایا ئەو ڕستانەی کە واتای پرسیاری و فەرماندان و نەهی ...هتد دەگەیەنن ،چۆن پۆلین دەکرێت؟ بە گەڕانەوە بۆ کتێبەکەی ،بۆمان روون دەبێتەوە کە یەکەم هەنگاوی بریتی بوو لە بەکارهێنانی زمانی ئاسایی(١) و هەروەها بەرهەڵستی دوو هەڵوێستی کرد:

أ/هەڵوێستی فەلسەفی : بۆچوونی وایە کە ڕۆڵی ڕستە ، تەنیا بە وەسف کردنی بارودۆخی شتەکان و بڕیاردان لە " ڕووداوێك"ەوە بەستراوەتەوە ئەمەش، ڕاستە یان ناڕاستە. بە پشت بەستن بە پێوەری ڕاست و ناڕاست. بەلاّم ڕستەکانی تر دەکەوێتە ریز ئەو دەربڕینانەی کە " هیچ مانایەکیان نیە". (٢)

ب/ هەڵوێستی ڕێزمانی لاسایی کردنەوە تەنیا جەخت سەر یەك جۆری ڕستە ناکاتەوە، بەڵکو جۆراو جۆری بابەت ئامانجیەتی: وەسفی چوار جۆر دەکات، ڕستەی هەواڵی، ڕستەی پرسیاری، ڕستەی داواکردن، ڕستەی سەرسورمان(٣) .

ئەم بەرهەڵستییە لە تێڕوانینی ڕێزمانی و فەلسەفیدا دەرکەوت. پێچەوانەی ئەو بیروڕایەی یەکەم ، کە وادادەنێت " گوتن" دەکەوێتە ژێر پێوانەی ڕاست و ناڕاست لە کاتی هەڵسەنگاندندا، بەڵام ئێمە جۆرێك لە ڕستەمان هەیە کە ناچێتە ژێر ئەم تێڕوانینەوە، بۆ نموونە "چێلەکە وا هێرش دەکات". ئەگەر هاتوو قسەکەر وسفی دیمەنەکەی کرد ڕاگەیاندنە. هەروەها، ئەگەر هاتوو ئاگادارکردنەوە بوو کرداریە.[4] کەواتە، تیۆری " کردە قسەییەکان " لە لایەن "ئوستن" دانرا و بە توێژینەوەی زمانەوانی ، فەلسەفی و لۆجیکی دەوڵەمەند کرا ولە بیرو بۆچونی "جێبەجێ کردن " دەرچوو کە دوایی "سێرل" چەسپاندی، ولێکۆڵەرەوانی تریش، بە تایبەتی " گرایس" فراوانیان کرد.[5]

---

(١) أوستن ،2000 :٥.

(٢) Austin:1962,54

(٣) نعیمە الزهری ١٩٩٧:١٣٧.

(4) طالب هاشم الطبطبائي ١٩٩٤:٤٧.

(5) حسان الباهی،٢٠٠٤:١٢٣.

تیۆری "کردە قسەییەکان" جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە دەربڕینە زمانەوانیەکان تەنها واتای ڕاستەوخۆی وشەکان ناگوازێتەوە ، بەڵکو بە گوێرەی کۆمەڵێك هۆکار وەکو دەوروبەر دەگۆڕێت.[1] هەروەها لەگەڵ بوونی کۆمەڵێك بارودۆخی تر کە کاردەکاتە سەر مانای دەربڕین و هێزەکەی. بەواتایەکی تر، لە جیاتی ئەوەی گرینگی بە ڕستە بدرێت گرینگی بە "دەورو بەر" دەدرێت[2]

تێڕوانینی پراگماتیکی بۆ زمان ئەوە ڕەتدەکاتەوە کە دەڵێت زمان تەنها هۆکارێکە بۆ نواندنی واقع، بەڵکو ئامرازێکە بەکاردێت بۆ ڕاپەڕاندنی کاروباری جۆراو جۆر وەکو:فەرماندان، پەیماندان، نەهی کردن، پرسیارکردن، ئامۆژگاری کردن، ئاگادارکردنەوە...هتد[3] و زمان لەلای "ئۆستن" ڕێگایەك نییە بۆ وسف کردن و گواستنەوەی هەواڵ، بەڵکو ئامرازێکە بۆ بنیاتنان و کاریگەر ی کردنە سەر جیهان. کەواتە، بابەتی لێکۆڵینەوەکە بە شێوەیەکی سەرەکی جەخت دەکاتە سەر مەبەست لەکاتی دەربرین دا[4]کەواتە، ئەو گوتانەی کە دەریاندەبڕین لە ژیانی ڕۆژانەماندا ، دوو لایەنی هەیە: لایەنی زمانی ، لایەنی کرداری ." ڕاپەڕاندن " ، بریتییە لە گوتە و کار. بەم شێوەیە بوو کە تیۆرەکەی "ئۆستن" لە ژێر ناونیشانی "چۆن شت بە وشە ڕادەپەڕیٚ" هاتە ئاراوە[5] و وا پێناسەکرا کە کردە قسەییەکان بریتییە لەو گوتانەی کە لەکاتی دەربرینیان دا قسەکەر دەتوانێت لە ڕێگای زمانەوە کارێك ئەنجام بدات. وەکو : "کچی خۆمت دەدەمیٚ".

لێرەدا پێدانی کچەکە، دەبێتە خێزانی و لەدوای ئەوەدا کردەی قسەیی پەیدا دەبێت[6] ، وگوتەی ڕاپەڕاندن ناکەوێتە ژێر پێوەری ڕاست و ناڕاست بەڵکو دەکەوێتە ژێر کاریگەری پێوەری سەرکەوتن و سەرنەکەوتن .

---

(1) قیس کاکل توفیق١٩٩٥: ٣٩ .

(2) Lyons,1979:201

(3) (أبو بكر العزاوی، ٢٠٠٦:١١٦)

(4).Austin:1962:٣٨

(5) Ibid:٤٠

(6) باتريك شارورو دومنيك منغيو ٢٠٠٨: ٢٠.

بۆ نموونە :" کۆبوونەوەکە کراوەیە".

ئەو کەسەی دەریدەبڕێت ئەگەر سەرۆکی کۆبوونەوەکە نەبێت، ئەوا گوتنەکە سەرنەکەوتووە، لەبەرئەوەی ئەو دەسەڵاتەی نیە. کەواتە گوتەی ڕاپەڕاندن مەرجی خۆی هەیە ،بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بێت.

## مەرجەکانی سەرکەوتنی کردەی ڕاپەڕاندن

١-گونجان هەبێت ئەمەش بە دەربڕینی وشەی دیاریکراو لە لایەن کەسانی دیاریکراو لە بارودۆخی دیاریکراو بێت.

٢-دەبێت کەسەکان دیاریکراو بن لە بارودۆخی تایبەت بگونجێت لە گەڵ کردەکان.

٣-دەبێت کاری ڕاپەراندن لە لایەن هەموو بەشدار بووان بە شێوەیەکی دروست بکرێت.

4-دەبێت کردەکە بە شێوەیەکی دروست ئەنجام بدرێت.

٥- ئەو کەسانەی کە ئەم کردەیە ئەنجام دەدەن،دەبێت نیازیان هەبێت بۆ بنیاتنانی بیرو ڕاو هەستەکان.

٦-دەبێت کەسەکان پابەندبن بە دەرئەنجامەکان[1].واتە، بۆسەرکەوتنی کرداری ڕاپەڕاندن تەنیا کەسی یەکەم ناگرێتەوە، لەبەر ئەوەی " بۆ ڕاپەڕاندنی کردەکە یاسا پراگماتیکییە کان حوکم دەکەن کە لەلایەن قسەکەر و گوێگرەوە بەکاردێن و بەمەش پڕۆسەی لێکگەیشتنەکە بە ئەنجام دەگەیەنرێت".[2] بۆ نموونە بڕوانە ئەم نموونەی خوارەوە:

أ /"کاروانم هەڵبژارد بۆ یاری کردن".

ب/ وەڵامی دەداتەوە: من یاری یاری ناکەم ".

---

(1) Austin,1962:49

(2)Adrian Akmajian, 1995:375

لێرەدا ئێمە لە بەرامبەر سەرنەکەوتنین لەبەر ئەوەی گونجان نیە.

لە کۆتا وانەی ئۆستن لە پەرتوکەکەی بە ناوی " چۆن شت بە ووشە ڕادەپەڕێ "پۆلینی کردە قسەییەکان دەکات بۆ پێنچ پۆل[1]:

١/کرداری بریاردان: ئەو کردانە دەگرێتەوەکە پەیوەندییان هەیە بە لایەنی دادوەری" سەرزەنشت کردن ، ...هتد.

٢/کرداری جی بەجی کردن :ئەو کردانە دەگرێتەوە کە بۆ چۆنیەتی هەڵس و کەوت کردن بەکاردێت: فەرماندان، ئامۆژگاری کردن،داواکردن و...هتد.

٣/کرداری پەیماندان : وا لە قسەکەر دەکات پابەندی هەڵویستێك بێت.(دان پێدانان،پەیمان دان و... هتد

٤/کرداری ڕەوشتی :ئەو کردانە دەگرێتەوە کە هەڵوێستێك لە خۆ دەگرێت لە بارودۆخی دیاریکراو: چاکە کردن ، سەرزەنشت کردن، پیرۆزبای کردن،سوپاس کردن، پرسە و...هتد[2]

٥/کرداری دەربڕین expressive:ئەو کردانە دەگرێتەوە کە وەك ڕێگایەك بۆ خستنەڕووی شتەکان بەکاردێت: وسف، نەفی، نکۆڵی و...

## جیاوازی نێوان گوتەی ڕاپەڕاندن و گوتەی ڕاگەیاندن:

" ئوستن" یەکەم جار لێکۆلینەوەی لە " گوتەی ڕاپەراندن " کرد. دوای ئەوە، بوارەکەی فراوان کرد بۆ ئەوەی گوتەی ڕاگەیاندن بگرێتەوە. گەیشتە ئەو دەرئەنجامەی کە جیاوازی نیە لە نێوان گوتەی ڕاپەراندن و ڕاگەیاندن . لە دوایی ئەم گریمانەیە دەستی کرد بە جیاکردنەوەی " گوتەی

(1) Austin,1962:129

(2) Ibid:40

ڕاپەراندنە نادیارەکان" و " گوتەی ڕاپەراندنە دیارەکان". وای دادەنێت کە یەکەمیان ئەو جۆرە گوتنانە دەگرێتەوە ناتوانرێت " بە فەرمانی ڕاپەراندن" ئاشکرا بکرێت بۆ نموونە:

-" خۆشگوزەرانی داواکراوە" .

بەڵام دیاردەکان ئەم گوتنانە دەگرێتەوە کە دەتوانرێت بە فەرمانی ڕاپەراندن ئاشکرا بکرێت ، بۆ نموونە:

-" بڕیاردەدەم".

کەواتە ، بە پشت بەستن بە بیروڕای "دیاری کردن"[1] توانی جیاوازی لە نێوان ڕستە و بەکارهێنانی ڕاپەڕاندن بکات ، ئەمەش بوو هۆی بنیاتنانی تیۆری" هێزی ڕاپەراندن" و بەستییەوە بە تیۆری "کردە قسەییەکان":

أ- پەیمانت پێدەدەم کە سەردانت بکەم. ( گوتەی ڕاپەراندنی دیار)

ب-کات تەواو بوو. (گوتەی ڕاپەڕاندنی  نادیار)

هەرچەندە لێك چوون هەبێ لە نێوان گوتە دیارەکان و نادیارەکان، بەڵام جیاوازی یەکی گەورە هەیە لە نێوان ئەو دوو ڕستەیەدا:

"سەفەر دەکەم" .

" پەیمانت پێدەدەم ، سەفەردەکەم".

دەبێت ئاماژە بەوەش بکەین کە "ئوستن" ڕستەی ڕاپەڕاندن و بەکارهێنانەکانی ڕاپەڕاندنی لەیەکتری جیاکردەوە. بە مانایەکی تر، کاتێك قسەکەر قسەیەك دەردەبرێت لەبارودۆخی گەیاندنی

دياريكراودا، مەبەستی ڕاپەڕاندنی کاری دیاریکراوە، کە دەوروبەر کاری تێدەکات، بۆیە ئاماژە بەوە دەکات کە بەکارهێنانی ڕستە سێ جۆر کار لە خۆ دەگرێت:

(١)Austin,1962:108-109

١- کاری دەنگی: بریتییە لە دەربڕینی دەنگی دیاریکراو ، واتا دەربرینی گوتنەکانی ڕستە لەگەڵ واتاکانی.

٢- کاری گوتن: لە بەکارهێنانی " کردە قسەی یەکان " مانای ئەوەیە کە کاری دەنگی بەستراوەتەوە بە کارێکی دیاری کراو کە قسەکەر هەوڵی ڕاپەڕاندنی دەدات لەڕێگای گوتنەوە .

٣- کاری گەیاندن: بەستراوەتەوە بە بەکارهێنانی بڕگە دەنگییەکان، بڕگەی دەنگی و ڕێزمانی بە گوێرەی ماناو بارودۆخی دیاری کراو .[١]

کەواتە،" ئوستن" لە قۆناغی یەکەم لە تیۆرەکەی ئاماژەی کرد بە دوانەی : وەسف/ ڕاپەڕاندن. وباسی ڕستەی وەسفی کرد کە بریتییە لە وەسف کردنی ڕووداوێك یان حاڵەتێکی دیاریکراو بەبێ " کار". کەواتە، ئەو جۆرە ڕستەیە گوتراوە ناگاتە کردە. بەڵام ڕستەی ڕاپەڕاندن ئەو ڕستەیە کە کارێك ڕادەپەڕێنێ و گوتنی کردەیی دەخاتە ڕوو، لە هەمان کاتدا [٢] هەروەها جیاوازی دەکات لە نێوان دوو جۆرە ڕستە لە ڕێگای دانانی چەند بنەمایەکەوە، هەندێکیان " گوتارین" و "هەندێکیان "شوێنیین":

١-بنەمای گوتاری: ئەو بنەمایە جەخت دەکاتە سەر لایەنی شێوەی "گوتن".

أ/دەبێت ڕستەکە کاری ڕاپەڕاندنی تێدابێت،وەکو: (فەرمان دان، نەفی کردن و...هتد).

ب/ دەبێت کاتی کار لەگەڵ قسەکردن بێت (کاتی ئێستا).

ج/ دەبێت ڕستەکە بکەری دیار بێت .

د/ دەبێت قسەکەری ڕستەکە تاك بێت .

٢-بنەمای شوێنی: دەتوانین دابەش بکەین بۆ دوو بەش:

(١) حسان الباهی ٢٠٠٤:١٢٤

(٢) Austin,1962:40-38

<u>أ/دووانەی ڕاست/ ناڕاست لەبەرامبەر سەرکەوتن/ سەرنەکەوتن</u>

ئۆستن جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە پێوانەی ڕاست و ناڕاست تەنیا ڕستەی" وەسفی" دەگرێتەوە بۆ نموونە : (خۆر هەڵات) ئەم ڕستە بە ڕاست دادەنرێت ئەگەر خۆر دەرکەوتبێت لە دەرەوە، بەڵام ئەگەر نەگونجا لەگەڵ واقع ئەوا ناڕاستە[١].

بەڵام ڕستەی ڕاپەڕاندن دەکەوێتە ژێر پێوانەی : (سەرکەوتن / سەرنەکەوتن)، بە پشت بەستن بەم پێوەرە، دەتوانین جیاوازی لە نێوان دوو جۆر ڕستەی ڕاپەڕاندن بکەین [٢]:

-ڕستەی ڕاپەڕاندن(بەندی بە هێز).

-ڕستەی ڕاپەڕاندن(بەندی بێ هێز).

یەکەمیان دەکەوێتە ژێر کاریگەری داب و نەریتی کەلتووری دیاری کراوبۆ نموونە :

" –تۆ تەلاَق دراوی".

بۆ ئەوەی ڕستەیەکی سەرکەوتوو بێت ، دەبێت ئەو کەسەی دەریدەبڕێت پیاوەکە بێت، لەبەرامبەر دوو کەسی دادپەروەر یان لە دادگا و لە پێش دادوەر بێت

بەلاَم جۆری دووەم لە ڕستەی ڕاپەڕاندن، ناکەوێتە ژێر کاریگەری باری کەلتووری دیاری کراو

– وەسیەت بێت ئەو موڵك و ماڵەی هەمە بۆ کوڕی بچوکم بێت.

ئەم ڕستەیە تەنها دەربرین نیە ، بەڵکو دەبێتە ڕوودانی کارێك کە بریتییە لە وەسیەت [٣] بۆئەوەی سەرکەوتوو بێت، دەبێت بیرو بۆچوونی وەسیەت لە لایەن قسەکەر و گوێگرەوە زانراو بێت. [٤]

---

(١) فیلیب بلانشیه٢٠٠٧:٧٩–٨٠

(٢) صلاح إسماعیل عبدالحق١٥٣،١٩٩٣–١٥٥.

(٣) محمود أحمد نحله٢٠٠٢ :٤٣–٤٤

(٤) **Austin,1962**: ١٥١

**ب/دوانەی گوتن/بەرهەمهێنان):**

ئۆستن ڕستەی "وەسفی و ڕاپەڕاندن" لەیەکتری جیاکردەوە کە یەکەمیان گوتراوی (گوتن)ە و دووەمیان گوتراوی ڕاپەراندنە. بە مانایەکی تر، قسەکەر لە ڕستەی وەسفیدا تەنها قسەیەك دەردەبڕێت، لە کاتێکدا قسەکەر لە ڕستەی ڕاپەراندندا قسەیەك دەردەبڕێت لەگەڵ کردەیەکدا، کەواتە لە ڕستەی ڕاپەڕاندن دا ناتوانرێت گوتراو وکار لە یەکتری جیابکرێتەوە. [١]

ئۆستن لە قۆناغی دووەم ،ئاماژەی کردبە ڕەخنە گرتن لە و پێوەرانەی کە دانراوە بۆ جیاکردنەوەی وسف و ڕاپەڕاندن و دەستی کرد بە پێداچوونەوەی پێوەرە شوێنیەکان، ودانانی بەرامبەر لە نێوان دوانەی ڕاست/ ناڕاست لە لایەك، سەرکەوتن/ سەرنەکەوتن لە لایەکی ترەوە. پێوەری سەرکەوتن/سەرنەکەوتن بەکاردێت بۆ هەڵسەنگاندنی ڕستەی ڕاپەڕاندن. بەلاَم ڕستەی وسفی بە گوێرەی پێوەری : ڕاست/ ناڕاست هەڵدەسەنگدرێت. [٢] دوای ئەوانە قۆناغی سێیەم لە بیرو بۆچوونی "ئۆستن" دەستی پێکرد کە گرینگی زۆری دەدا بە مەبەستی گوتن، سێ جۆر کردەی قسەیی دیاری دەکات. [٣]

## جۆرەکانی کردە قســـەییەکان:

ئۆستن جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئێمە کاتێك گوتەیەك دەردەبرین، هاوکات سێ کردە ئەنجام دەدەین کە بریتین لە کردەی گوتن ،کردەی مەبەست وکردەی پاشکار .ئەم بەشانەی کردە قسەی یەکان تێکەڵە و زۆر ئەستەمە لەیەکتری جیابکرێتەوە:

---

(١) **Austin,1962**: ٤٩–٥٠

(٢) **Ibid:80-114**

(٣) صابر الحباشه٢٠٠٨:٧٨-٧٩

١-کردەی دەربڕین(**Iocutionary Acts**):

لە سێ کردەی لاوەکی پێك هاتووە بریتین لە کردەی دەنگی ، کردەی ڕستەیی، کردەی گەیاندن(واتایی) [١]

أ/ پێیان گوتم:"تەقەی لێ بکە" ( کردەی دەربرین )

٢-کردەی مەبەست (**IIocutionary Acts** ):

مەبەست ئەوەیە کاتێك قسەکەر قسەیەك دەکات ،ئەوا مانای مەبەست دار جێبەجێ دەکات کە ئۆستن ناوی ناوە هێزی کردە، ئۆستن چەند مەرجێکی داناوە بۆ بە دەستهێنانی مانای مەبەستدار کە پێویستە بارودۆخ گونجاو بێت [٢].

ب/"فەرمانم پێدەکات کە تەقەی لێبکەم" (کردەی مەبەست)

٣-کردەی پاشکار (**perlocutionary Acts**):

مەبەستمان ئەوەیە ئەو وشانەی کە قسەکەر دەریدەبڕێت بە شێوەیەکی ڕێزمانی ڕێکوپێك بێت ومەبەستی دیاریکراو لە خۆ بگرێت بە شێوەیەك کە کاریگەری هەبێت لەسەر گوێگر.[٣]

ج/ "ڕازیم دەکات بۆ ئەوەی تەقەی لێبکەم " ( کردەی پاشکار)

کردەی دەربڕین بەستراوەتەوە بە ناوەرۆکی زمانەوە، چونکە ڕووداوێکی زمانەوانی تەواوە. بەڵام کردەی پاشکار بەستراوەتەوە بە ڕەفتاری کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی کۆمەڵەی زمانەوانی گونجاو.

---

(١) **Austin,1962:110**

(٢)عە بدولواحید موشیر دزەیی ٢٠١٠:٥٥

(٣) محمد محمد یونس علی ٢٠٠٤: ٣٤

## ب/ تەوەرەی دووەم: تیۆری کردە قسەیەکانی جۆن سێـــرل

پێشتر باسی ئەو قۆناغانەمان کرد کە بیروبۆچوونەکانی " ئۆستن " پێی دا تێپەڕی. بە جیاکردنەوەی کردە قسەییەکانی وەسف، و ڕاپەراندنەکان ،بۆیە دەردەکەوێت کە هەر دەربڕینێکی زمانی کردەی ڕاپەراندنی تێدایە،ئەمەش بووە هۆی بنیاتنانی تیۆری " کردە قسەییەکان". و سێرل ئاماژەی کرد بەوەی کە هەر ڕستەیەك لە دوو ئاست پێك دێت: ئاستی گوتن کە کردەی گوتن لە خۆ دەگرێت و ئاستی شوێنی کە کردەی مەبەست و پاشکاردەگرێتەوە.

سێرل لە پەرتووکەکەی بەناوی "کردەی قسەیی چییە؟ ( "**What is Speech Acts?**" )[١]. ولە ساڵی (١٩٦٩)کە بە زمانی ئینگلیزی نووسرابوو دوایی وەرگێڕدرایە سەر زمانی فەرەنسی لە ساڵی (١٩٧٢)،پێشنیازەکانی ئۆستنی بنیاتناوە پەرەی پێدا .[٢]

## کردە قسەییەکانی سێرل

١-بەستنەوەی زمان بە کردەی قسەیی: قسەکردن بە زمانێکی دیاریکراو بە پشت بەستن بە یاسای ڕێزمانی، بەواتای بەدەست هێنانی کردەی قسەییە .

٢-یاسای گەیاندنی زمانی لەسەر کردەیی قسەیی دانراوە : هەر گەیاندنێکی زمانی ، لە سەر بنەمای هێما یان دەربراو یان ڕستە دانراوە.

٣-بە ستنەوەی تیۆری زمان بە تیۆری کردە قسەییەکان: لەبەر ئەوەی قسەکردن بریتییە لە ڕەفتارێك دەکەوێتە ژێر کاریگەریی یاسا لەگەڵ ئەمەشدا تایبەتمەندی شێوەیی هەیە[٣] .

٤-بەستنەوەی تیۆری کردە قسەییەکان بە تیۆری بواری واتایی: ناتوانین باوەڕ بێنین بە بوونی دوو تیۆری واتایی جیاواز لە یەکتری: یەکێکیان لە ڕستە و واتاکەی دەکۆڵێتەوە. دووەمیان بابەتەکەی

---

(١) صلاح إسماعيل عبدالحق، ١٩٩٣: ٢٢٩-٢٣٢

(٢) (أزاييط بن عيسى ١٩٩٨:٤٠٢-٤٠٣.

(٣)**Searle ,1965:53**

بەرهەم هێنانی کردەی قسەیە. کەواتە، کردە قسەیی لە دوای واتای دیاری کراوی ڕستە دێت.بە واتایەکی تر، زۆر جارقسەکەر لە کاتی قسەکردندا واتایەکی تری مەبەستە کە ئاشکرای نەکردووە ، دەتوانێت ئەو شتە بلێت کە مەبەستیەتی.[1]

٥-سەربەخۆ نەبوونی مانای ڕستە لە مانای کردە قسەییەکان: خوێندنەوەی مانای ڕستە جیاناکرێتەوە لە خوێندنەوەی کردە قسەیەکان، لەبەرئەوەی هەر ڕستەیەك مانایەکی دیاری کراوی هەیە بۆیە، دەتوانرێت لە هەمان واتا کۆمەڵێك کردە قسەیی بەدەست بهێنرێت...کەواتە ،خوێندنەوەی واتای ڕستە و کردەی قسەیی یەك بواردەگرێتەوە وناتوانرێت لە یەکتری جیا بکرێنەوە.[2]سێرل دەڵێت:"قسەکردن بە زمانێکی دیاری کراو ، بریتییە لە ئەنجامدانی کردەی قسەیی دیاریکراو". بۆیە، جەختی کردەوە لە سەر دانانی مانای کردەی مەبەست لە تیۆری " کردە قسەییەکان" لە کاتی دووبارە بنیادنانەوەی بیرو ڕاکانی ئۆستن. سەرچاوەی گرینگی دانی سێرل، بریتی بوو لە " کردە قسەییە ناراستەوخۆکان" . بۆ ئەوەی تیۆرەکەی بنیاد بنێ و ڕێکی بخات ، دەستی کرد بە دیاریکردنی مەرجی کردە قسەییەکان و چەند مەرجێکی دانا بۆ دەست کەوتنیان:

١-مەرجی ناوەرۆکی" گوزارەیی" : بریتییە لە وەسف کردنی ناوەرۆکی کردە قسەیەکان، ئایا تەنیا بابەتێکی سادەیە" گوزارەیە" ، یان کردەی قسەییە... هتد.

٢-مەرجی دەستپێك: کە بەستراوەتەوە بە تواناکان و بۆ چوونەکانی قسەکەر لەگەڵ مەبەستەکانی گوێگر، و ئەو پەیوەندییەی کە لە نێوانیان دا هەیە[3].

٣-مەرجی ڕاستی: بەستراوەتەوە بە باری دەروونی قسەکەر ، لە کاتی جێبەجێ کردنی کردەکە، دەبێت ڕژدی بێت.

٤-مەرجی کرۆکی گوتن : بریتییە لە گەیاندنی مەبەست لە کردەقسەیەکان، لێرەدا قسەکەر دەبێت

---

(١) Searle ,1965:54

(2) Ibid:55-54

(3)(فیلیب بلانشیە٢٠٠٧: ٦٣-٦٥

خۆی بگونجێنێت له هەڵسوکەوتیدا لەگەڵ ئەو کردەیەی کە بەسەریدا دێت، کەواتە بیرو سێرل ،ئەوەیە کە کاتێك ئێمە قسەیەك دەکەین بە زمانێك، کەواتە ئێمە ڕازی دەبین بە ڕەفتارێك کە دەکەوێتە ژێر یاسای دیاری کراوی پراگماتیك.(1)

## بەراورد لە نێوان ئۆستن و سیرل:

ئەو چاکسازی و گۆرانکارییانەی " سێرل" (١٩٧٢) لە سەر تیۆرەکەی" ئۆستن"ی کرد بریتی بووە لە مانەی خوارەوە(2):

١-کردەی دەربڕاو:مەبەست دەربڕینی قسەیە.

٢-کردە "گوزارەیی": کە بەرامبەرە لەگەڵ کردەی واتایی لە لای ئۆستن، واتا کردەی واتای دوو شت لە خۆ دەگرێت مانا و گواستنەوەکە، لەلای سێرل بووە بە کردەیەکی سەربەخۆ.

٣-کردەی پاشکار: پەیوەستە بە دەرئەنجامەکانی کردەی مەبەست کاتێك بتوانێت بەرامبەر ڕازی بکات یان ڕازی نەبێت.

٤-کردەیمەبەست:وەکوپرسیارکردن،فەرماندان،نەفی کردن،پەیماندان...هتد.زۆربەی لێکۆڵەرەوەکان لەسەر ئەوە کۆکن کە لە نێوان تیۆری کردە قسەیەکانی ئۆستن و سیرل لێکچوون هەیە لەوانە Bussman (3)یەکێکی تر لە لێکۆڵەرەوەکان باوەڕی وایە کە:" کردەی دەربڕین لە لای سیرل بەرامبەرە لەگەڵ کردە دەنگی و وشەسازی ئۆستن، لە لایەکی ترەوە کردەی واتای سێرل بەرامبەرە بە کردەی ڕوانبێژی ئۆستن. دەتوانین ئاماژە بەوە بکەین کە کردەی پاشکارو مەبەست هیچ جیاوازیەکی نیە لە لای" سێرل" و" ئۆستن" .سێرل دەڵێت:"هەموو ڕستەیەك مانای هەیە، سود لەو

---

(1) حسان الباهی، ٢٠٠٤ :١٢.

(2) Searle,1965:61

(3) Bussmann,1996:1107

مانایە وەردەگیردرێت بۆ جێبەجێ کردنی کار یان کۆمەڵێك کردەی قسەیی.بۆیە واتای دەوروبەر(مەقامی) و گوتن (مەقالی )لە یەکتری جیاکردەوە ،واتای مەقالی جێگیرە بەستراوە بە واتای فەرهەنگی ووشەکان ، بەڵام مەقامی دەگۆڕێت بە گوێرەی بارودۆخی قسەکردن. هەروەکو روون کراوەتەوە لەم خشتەیەی دواوە(١):

| کردەی پاشکار | کردەی مەبەست | کردەی دەربرین | ناو |
| --- | --- | --- | --- |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| وەك يەكن | وەك يەكن | ڕوانبێژی | | (وشەسازی وریزمانی ) | دەنگی | ئۆستن (١٩٦٢) |
| | | کردەی گریمانەی | | کردەی گوتن | | سیرل (١٩٦٩) |
| | | کردەی مەزندە | کردەی ئاماژەیی | | | |

سیرل[٢] وەسفی کردەی قسەیی دەکات و دەڵێت بریتی یە لە" دەربرینی مانا" لەکاتێکدا کردەیکردەقسەیی پێشبینی چەند شتێك دەکات دەربارەی کەسەکان ، تەنەکان، هتد. هەروەها دەڵێت دربڕینە هاو واتاکان دەتوانرێت بەکاربهێنرێت بۆ هەمان پێشبینی کردن[٣] سەیری ئەم نموونەی خوارەوە بکە کە سیرل ئاماژەی بۆ کردووە:

١-سام جگەرە کێشێکی خوگرە.

(١) Davis,2001:135
(٢) Searle ,1969:29
(٣) Davis,2001:136

٢-سام خوی گرتووە بە جگەرە کێشان.

قسەکەر لەم نموونانەی سەرەوەدا کردەی گەڕانەوە ئەنجام دەدات لە ڕێگای گەڕانەوە بۆ سام، هەروەها کردەی پێشبینی کردنیش دروست دەکات لە دەربرینی چەند زانیارییەك دەربارەی سام. ئەم دوونموونەیە ئەوە ڕوون دەکەنەوە کە هەمان شت دەتوانرێت بوترێت دەربارەی سام بەڵام بە شێوازی جیاواز.

## کردە مەبەستدارەکانی سیرل:

سیرل کردە مەبەستدارەکان بە گرینگترین و سەرەکیترین کردە دادەنێت . لەو لێکۆلینەوەیەی سێرل بە ناونیشانی "کردەی قسەیی چییە" لە ساڵی (١٩٦٥)کردی، دەلێت: " بریتییە لە کردەی پرسیارکردن، سلاو کردن، ئاگادارکردنەوەو...هتد و پێشیان دەڵێن کردە مەبەستدارەکان.[١] ئەمەش مانای ئەوەیە کە سیرل وشەی " کردەی قسەیی" لەگەڵ" کردەی مەبەست" بە شێوەیەکی یەکسان بەکار دەهێنێت .

سیرل پێناسەی زاراوەی"کردەی قسەیی " دەکات ودەڵێت :"بریتییە لە یەکەیەکی سەرەکی کە بۆ گەیاندنی زمانەوانی بەکاردێت"[٢] هەروەها، لە پەرتووکەکەی لە ساڵی(١٩٦٩)، دەربارەی کردە

قسەی یەکان،دەڵێت:" کردە قسەییەکان لە دەربڕیندا بەگشتی بریتییە لە جێبەجێ کردنی مانای ڕستە"(٣)

یەکێك لە لێکۆڵەرەوەکان بەناوی(ساین) بەم شێوەیە پێناسەی کردەی قسەیی دەکات :" بریتییە لە یەکەی گوتن کە دەبێتە هۆی دروست بوونی هەندێك کردەی قسەیی لەکاتی دەربڕینی ڕستەدا وکار-

---

(١) Searle ,1965:٢٥٤

(٢) Ibid: ٢٥٤

(٣) Searle ,1965: 18

-یگەری هەیە لەسەر گوێگر". کردەی قسەیی یان کردە زمانییەکان بریتین لە" کردەی واتادار و مەبەست دار کە بە دەربرینێك یان چەند دەربرینێك جێبەجێ دەکرێت.(١) بەمەش بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە هەردوو ووشەی کردەی قسەیی وکردەی زمانی لە جێگای یەکتر بەکاردێن بۆ ئەو کردانەی لە دەربرینەکاندا رادەپەرێنرێن، جا ئەم دەربرینانە بگوترێن ، بنوسرێن یان لەناو مێشك دابن.

سیرل(٢) ئاماژە بەوە دەکات کە کردە قسەییەکان بریتییە لەو کاریگەرییەی کە قسەکەر بەجێی دەهێلێت لەسەر گوێگر ، بەم شێوەیە کردە قسەییەکان گرینگن بۆ زمانەوانەکان و فەیلەسوفەکان چونکە ئەم کردانە ڕۆلیان هەیە لە دیاری کردنی واتاکان.

## کردە قسەییەکان و زمان و ئاخاوتن لە لای دی سوسیر

دوانەی زمان و ئاخاوتن بە یەکێك لەو بنەمایانە دادەنرێت کە دی سۆسێر داینا لە تیۆری (پێکهاتەی وەسفی). کە باس لەوە دەکات کە زمان سیستەمێکە یان کۆمەڵە یاسایەکە تاك فێری دەبێت لە کۆمەڵگای زمانی دیاری کراو،کە لە مێشکیاندا هەیە.(٣)بەڵام قسە گوتراو بێت یان نووسراو بریتی یە لە دەست کەوتنی ئەو یاسایانەی سەرەوە کە قسەکەر لە قسەکانیدا بەکاری دەهێنێت بۆ دەربرینەکان(٤).هندرسۆن و براون (٥) لەو باوەرەدا بوون کە تیۆری کردە قسەی یەکان بە تەواوەتی پێچەوانەی تیۆری پێکهاتەی وەسفییە چونکە کردە قسەییەکان گرینگی دەدات بە قسە نەك زمان کە

---

(١) Kearns,1994:50

(٢) Searle,1975 : 344

(٣) عبدالصبور شاهین١٩٨٠:٢٩.

(٤)حاتم صالح الضامن١٩٨٩: ١٢٩

(٥) Brown,Hunderson,1997:19

دەلێت:" قسە دیاردەیەکی تاکییەو هەڵس وکەوتی تاکی تایبەتە"، لە کاتێکدا زمان :"دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی گشتی یە(١)".

ئەو بیروڕایەی کە دەڵێت  کردەی قسەیی هاوشێوەی ووشەی "زمانە" لە لایەن دی سوسیر دەگونجێت بۆ " ئۆستن" نەك بۆ "سێرل" [٢] کە ئۆستن دەڵێت کردە قسەییەکان بریتی یە :لە بەکارهێنانی زمان لە "بارودۆخ". بە واتایەکی تر بەبیری ئۆستن زمان کردەیە نەك قسە، و ئەرکی سەرەکی ڕاپەڕاندنی کارە،وەك : ڕاسپاردن،هەواڵ، هەڕەشەکردن، زانیاری گەیاندن، پرسیارکردن، فەرماندان...[٣]

بە پێچەوانەی ئەوە سێرل[٤] دەڵێت:" ڕێچکەی من بە شێوەیەکی سادە بریتی یە لە لێکۆلینەوەی قسە نەك زمان".هەرچەندە هەندێك زمان ئەوەندە دەوڵەمەند نین کە قسەکەران ئەوە دەربڕن کە مەبەستیانە،" بۆ نموونە کاتێك پرسیار دەکات:

"تۆ دەچیت بۆ سینەما؟"

ئەم پرسیارە زۆربەی کات بە " بەڵی" یان بە "نەخێر" وەلاّم دەدرێتەوە . ئەگەر وەلاّمەکەی بە بەڵی بوو، ئەوا گوێگر مەبەستیەتی بڵێت " بەڵی من دەچم بۆ سینەما" ،نەك بلێت: " بەڵی ئەمە ڕۆژێکی خۆشە"[5].ئاماژە بەوە دەکات کە مانای ڕستەکان و لێکۆڵینەوە لە کردە قسەییەکان دوو لێکۆلینەوەی لێك جیاکراوە نین، بەڵکو یەك شتەو دەتوانین هەمان لێکۆلینەوەیان بۆ بکرێت  بە بیرو ڕای جیاواز .

---

(١)Tahrani 1999:129

(٢) Reiter,M,R. Placencia,2005:20

(٣)عەبدولواحید مشیر ٢٠١٢:٣٤

(٤) Searle ,1979:17

(5) Ibid:18

## پێکهاتەی کردەی قسەیی لە لای سیرل

تا ئێستا باسی وشەی " هێزی مەبەستدار" مان نەکردووە ،چونکە زۆر ئەستەمە جیابکرێتەوە لە ووشەی " کردەی قسەی مەبەستدار".زۆربەی زمانەوانەکان وەك یەك مامەڵەیان لەگەڵ دەکەن . سێرل ئاماژە بەوە دەکات کە ئەودوو وشەیە لەیەکتری  جیاوازن و دەڵێت:" کردەی قسەیی مەبەستداری دەربرینێك دەتونرێت بە شێوازی جیاواز لە نێوان ماناکەی و هێزی مەبەستەکەی شیبکرێتەوە[1].

(الشلمان) وەکو سێرل وشەی کردەی قسەیی و کردەی مەبەستدار بەکاردەهێنێت وە باوەڕی وایە کە کردەی مەبەستدار و هێزی مەبەستی یەك شت نین و ئاماژە بەوە دەکات کە هێزی مەبەستدار  (لاڕستە وراپەراندن) لە خۆ دەگرێت کە دەبێتە هۆی دیاری کردنی جۆری کردەی قسەیی هتد. بە مانایەکی تر بریتییە لە هێزی ڕستەکە کە لەناوەوەیدا مانای پەیامەکە لە خۆ دەگرێت لەم هێلکاریەی خوارەوە ڕوون دەبێتەوە:

ناوەرۆکی واتایی+ڕاپەڕاندن = کردەی قسەیی

من داوات لێ دەکەم کە  قاپەکان بشۆیت.

هەواڵنامەی کتێب

ڕاپەڕاندن + ناوەرۆکی واتایی

کەواتە کردەی قسەیی داواکردن (ئەو کردارەیە کە دەبێت جێبەجێ بکرێت ) بە گوێرەی ئەم گریمانەیە ، سێرل[2] ئاماژە بەوە دەکات کە کردەی مەبەستی ڕستەیەك لە دوو بەش پێك دێت: مانا و ئەرك. هەروەها دەڵێت ئەم شیکارییەی سەرەوە لەسەر سیمانتیك بنیات نراوە.

---

(١) Searle,1979:1

(2) Searle,1965:257

## کردە قسەییە ناڕاستەخۆکان

لە زۆربەی کەلتورەکانی جیهاندا خەڵك حەزدەکەن ناراستەخۆ بن لە کاتی گفتوگۆکانیاندا کە بە هۆکارێکی ڕێزگرتن دادەنرێت[1]سێرل پۆلینی جۆرەکانی واتا دەکات بۆ ڕاستەوخۆکان و ناڕاستەوخۆکان.

ڕاستەوخۆ : بریتی یە لە دەربڕینی واتای ڕستە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ، بە مانایەکی تر کاتێك قسەکەر مانای ڕاستەخۆی ڕستەیەك دەردەبڕێت کە بەستراوەتەوە بە واتای لێکسیکی و پێکهاتەی سینتاکسی زمانەکە واتە مانای ڕاستەوخۆی ڕستە لە مانای ئەو وشانەی کە ڕستەکە پێك دەهێنن دیاری دەکرێت لەگەڵ ئەو یاسایانەی کە وشەکان لەگەڵ یەکتری ڕێکی دەخەن.[2]

کەواتە، هەر کاتێك وەڵام دانەوەی ڕاستەوخۆ هەبوو، لە نێوان واتای ڕاستەوخۆی ڕستەکە و هێزی مەبەستەکەی ئەو کاتە وشەی کردەی قسەیی ڕاستەوخۆی بۆ بەکاردەهێنرێت. بەڵام هەندێك جار وەڵام دانەوەی ڕاستەوخۆ بەدی ناکرێت لە نێوان واتای ڕستەکە و هێزەکەی. لەم حاڵەتەدا کردە قسەییەکان بە ناڕاستەوخۆ هەژماردەکرێت ،واتا جیاوازییەك هەیە لە نێوان واتای ڕستەکە و واتای دەربرین[3] دەڵێت:" ... لەو حاڵەتانەی کەوا کردەی قسەیی جێبەجێ بکرێت بە ناڕاستەوخۆ پێی دەڵێن کردە قسەیی ناڕاستەوخۆکان[4] لە کردە قسەییە ناڕاستەوخۆکاندا قسەکەر زیاتر دەڵێت لەوەی کە مەبەستیەتی بە پشت بەستن بە زانیاری هاوبەش (زمانی و نازمانی) [5]، و لایەنی هزری لە

---

(1)Searle,1975:200

(2 )Searle,1979:117

(3) Ibid:151

(4) Yule,1996:54

(5) محمد السيدي،2000:١.

نێوان قسەکەر و گوێگر.[1] لێرەدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە کردە قسەیی ناڕاستەوخۆی دوو واتای هەیە : یەکێکیان بریتییە لە واتای ڕاستەوخۆ، ئەوی تریان بریتییە لە واتای ناڕاستەوخۆ، یەکەمیان بە کردەیەکی مەبەستی لاوەکی دادەنرێت، بەلاّم ئەوی تریان بە کردەیەکی مەبەستی سەرەکی دادەنرێت بۆ نموونە:

-(پەنجەرەکە کراوەیە)

بریتییە لە داوا کردنێك بۆ داخستنی پەنجەرەکە، بە لاّم واتای ڕاستەوخۆی ڕستەکە لەمانای وشە لیکسیکیەکان و پێکهاتە سینتاکسی یەکان وەرگیراون بەلاّم مانا ناڕاستەوخۆ یەکە بریتی یە لە (داواکردن) کە نادیارە و پێویستە بەرهەم بهێنرێت.[٢]

لێرەدا "سێرل"کردە قسەییە ناڕاستەوخۆکان پۆلێن دەکات بۆ دوو جۆر: نەریتی و نا نەریتی،"مورگان" دەلێت لە کردە قسەییە ناڕاستەوخۆیە نەریتییەکان دووجۆرن: نەریتی زمانی ، کە ئاماژەیە بۆ مانای ڕاستەوخۆی ڕستەکە و نەریتی بەکارهێنان کۆنترۆلی بەکارهێنانی ڕستە دەکات بۆ گەیاندنی چەند مەبەستێك.[٣]

## تێگەیشتن لە کردە قسەییە ناڕاستەخۆکان

دوو بیرو ڕا هەیە بۆ ئەوەی لە کردە قسەییە ناڕاستەوخۆکان تێبگەین[٤]:یەکەمیان جەخت لەسەر بیرۆکەی بەرهەم هێنان لە لایەن گوێگر دەکاتەوە ، بەلاّم دووەمیان بیرو بۆچوونی بەرهەم هێنان ڕەت دەکاتەوە ودەلێت کردەی مەبەستی یەکسەر بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ هەستی پێدەکریّ.لەگەلّ ئەمانەشدا سێرل پشتگیری لە بۆچوونی یەکەم دەکات ،واتا بەر هەم هێنان وەك هۆکارێك دادەنرێت

---

(١) Searle,1979:31

(٢) Searle,1965:257

(٣) Morgan,J.L,1978:252

(٤) Finny,D.2002:21

بۆ تێگەیشتن لە کردە قسەییە ناڕاستەوخۆکان[١]. ئەو بیروڕاکەی ڕوون دەکاتەوە و دەلێت ئەگەر بلێین:"دەزانی کات چەندە؟"واتای فەرهەنگییەکەی:" من داوات لیّ دەکەم ئەگەر زانیت کات چەندە." واتای کردەی ناڕاستەوخۆکەی بریتی یە لە "من داوات لیّ دەکەم پێم بلّی کات چەندە."

(بانك و هاریس)[٢]باس لەوە دەکەن کە کردەقسەییەناڕاستەوخۆکان بە گوێرەی پرۆسەی بەرهەمهێنانی گوێگر بە چەند قۆناغێکی لەدواییکدا دەبڕێت بۆ ئەوەی بتوانێت مانای فەرهەنگی و مانای ناڕاستەوخۆکەی لە یەکتری جیا بکاتەوە و لێرەدا گوێگر تەنها پشت نابەستێت بە قسەی قسەکەر، بەلّکو پشت دەبەستێت بە بیروڕا ،هزری و باردۆخە گۆڕاوەکانی". لێرەدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە کردە قسەییە ناڕاستەوخۆکان بریتین لەو کردانەی کە گوێگر لەسەرەتادا لە مانای ڕاستەوخۆی ووشەکان تێدەگات و لە دوایدا هەولّدەدات بزانێت ئایائەو مانایە لەگەلّ باروودۆخەکە دەگونجێت یا نا . ئەگەر هاتوو نەگونجا، ئەو کاتە گوێگر چەند گریمانەیەك دەهێنێتەوە بۆ ئەوەی

بگاته مانای مەبەست. بەم شێوەیە دەڵێت:"بەڵگەیەك هەیە كە قسەكەران دەتوانن پێشبینی ئەوە بكەن كە گوێگران مانا لە دەربرینەكان تێدەگەن..."[٣].لەلایەكی ترەوە ،(دبس) دەڵێت:"خەڵك لە كاتی گفتوگۆكردن دا بە شێوازێكی ڕاستەوخۆ لە مانا ناڕاستەوخۆكان دەگەن، بەبێ ئەوەی پشت ببەستن بە كرداری بەرهەم هێنان"[٤].لەم نموونەیەی خوارەوەدا [٥](دبس) ئەوەمان بۆ روون دەكاتەوە كە گوێگرەكان لە مانا ناراستەوخۆكان تێدەگەن بە پشت بەستن بە مانا ڕاستەوخۆكان بۆ نموونە:

- جۆن:هیچ خاولیەك لە پشت ئەم مێزەوە هەیە؟
- میكول:"دەروات بۆ لای مێزەكەو خاولیەك بە دەستیەوە دەگرێت": ها ئەوەتە.

---

(١) Kernan,K.Sabsay.1989:199

(٢)Bach,K.& Harnish1979:232

(٣) Allan,K. 1997:٤٠١

(٤)Davidson,J.2004:111

(٥)Ibid:61

جۆن: بەڕاستی من نەم دەویست خاولیم بۆ بێنی بەڵكو بیرم لەوە دەكردەوە ئەگەر خاولیەك لێرە هەبێت كە بچم بۆ خۆم وەری بگرم. بەهەرحال سوپاس.

(گریفس) دیاردەی بەرهەم هێنان[١] ڕەت دەكاتەوە كەبە هۆكارێك دادەنرێت بۆ گەیشتن بە مانای كردە قسەیە ناڕاستەوخۆكان و دەڵێت كردە قسەییە ناڕاستەوخۆكان نەریتین.بۆ نموونە:

تۆ دەتوانیت ئەم خوێیەم بدەیتێ؟

ئەمە دەربرینێكی ڕاستەوخۆی وشەییە، پشت  بە بەرهەم هێنان نابەستێت.

## ڕەخنەكان  لەسەر تیۆری كردە قسەییەكان

تیۆری كردە قسەییەكان بە پێشەنگترین تیۆر دادەنرێت چونكە هەوڵ دەدات پەیوەندی نێوان (كار+گەیاندن) بدۆزێتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ڕەخنەی فراوانی لێگیراوە لەبەر ئەوەی هەوڵەكانی كورتكردبووە لەسەر سێ كردەی قسەیی كەجەختی لەسەر بەرهەم هێنانی زمان دەكرد لە كاتێكدابیرو بۆچوونی دەورو بەری نەریتی بیروڕایەكی سەرەكییە بۆ ئەم تیۆرە كە دەبوایە لایەنەكانی گەیاندن و هێماگشتیەكانی لە خۆ بگرتایە . لێرەدا بیرو بۆچوونی نەریت ،بیروبۆچونێكی تەم ومژاویە چونكە ئێمە نازانین تا چ كاتێك هێزی گوتن و  كردەی هێزی دەربرینی مەبەست  بەستراوەتەوە بە ڕووداوێك. ئەم بیروڕایانە بوونە جێگای پرسیاری زۆربەی لێكۆلەرەوەكان . هەر لەبەر ئەمەبوو، ئۆستن لە پەرتووكەكەی بە ناوی" چۆن شت بە وشە ڕادەپەڕێ " دەڵێ:" كارێكی ئەستەمە كە بلێین نەریت لە كوێ دەست پێدەكات و لە كوێ كۆتای دێت .." زۆر ڕەخنە ئاڕاستەی ئۆستن و سێرل كرایەوە، لەبەر ئەوەی خۆیان خەریك كردبوو بە پیشاندانی نموونەی تاكی لەكاتی باس كردنی كردەكانی گەیاندن دا. [٢]

بیرۆکەکەی سیرل دەربارەی کردە قسەیەکان ئەوە دەردەخات کە وا تیۆری کردە قسەییەکان کۆنترۆل

---

(١)Kogetsidis,M.2002:27

(٢) أزاييط بنعيسى، ١٩٩٢: ٣٩٨

کراوە بە تیۆری کردەی سیمانتیکی [1]( لیڤنسن) دەڵێت:" بیردۆزی کردە قسەییەکان نەیتوانیوە سەرکەوتوو بێت چونکە گرینگی نەداوە بە دەوروبەر"[2](لیڤنسن وتوماس) دەڵێن :" سێرل سەرکەوتوو نەبووە، چونکە نەیتوانیوە کردەیەکی قسەیی لە کردەیەکی تر جیابکاتەوە" تیۆرەکەی سێرل کاری لەسەر کردە قسەییە لێك جیاکراوەکان دەکرد بەڵام نکۆڵی لە دەربرینە دوورو درێژەکان دەکرد.

(فۆشن ) [3]باوەری وابوو کەوا هەرچەندە سێرل کردە قسەییەکانی لە گفتوگۆ وەرگرتبوو، بەڵام ئەوە ئەمە ناگەیەنێ کە بێ توانا بوو لە کارکردن لەسەر چەند ڕستەیەکی دووروودرێژ. (کلارك و کارلسن)

"سیرل گرینگی بە ڕۆڵی گوێگرەکان نادات بە مانایەکی تر باوەڕی وایە کە تەنها یەك قسەکەر و یەك گوێگر هەیە کە قسەی بۆ دەکات و هیچ گوێگرێکی تر لەم بارودۆخەدا نیە. بەڵام ئەوەی ڕاستی بێت ،دەکرێ زیاتر لە گوێگرێك هەبێت لە یەك کردەی قسەیی دا [4].بۆ نموونە:

– ئازاد بە نەوزاد و نەژاد دەڵێت:"تکایە تۆقە لەگەڵ یەکتری بکەن. لێرەدا هەردوو گوێگر دەست دەکەن بە تەوقە کردن لەگەڵ یەکتری لە کاتێك گوێبیستی دەربرینەکەی ئازاد دەبن "[5].

لێرەدا دەتوانین بلێین سێرل و ئۆستن هەردووکیان ڕووبەڕوی ڕەخنە بوونەتەوە لەبەر ئەوەی کاریان کردووە لەسەر کردە قسەییە لێك جیاکراوەکان لەگەڵ فەرامۆش کردنی رۆڵەکانیان لە دەوروبەری زمانەوانی.

---

(١)Levinson1983:245

(٢)Thomas 1996:98

(٣)Fotion,M.2003:35

(٤)Clark,H. and Carlson1982:117

(٥)Ibid:178

## سیرل و پێنج پۆلْ پێشنیازەکەی بۆ کردە قسەییەکان:

١/هەواڵیەکان (Representative): هەواڵێك ڕادەگەیەنێ، کەرەنگدانەوەی دەورو بەرو واقع بێت .

٢/ فەرمانەکان (Directives):کەوا لە بەرامبەر دەکات کارێك ئەنجام بدات.

٣/پێداگری کردن(Commissives):پێ دەڵێن فەرمانی پەیمان دان، کەوا لە قسەکەر دەکات پابەند بێت بە شتێکی دیاری کراو.

٤/ئاشكراكان (Expresives):كە تعبیر لە حاڵە تێك دەكات ، لەگەڵ بوونی مەرجی ڕاستی تیایدا.
٥/ڕاپەڕاندن (Declarations):ئەمەش لە كاتی دەربرین دا دەبێت.
هەروەها سیرل دوانزە پێوەری دانا بۆ سەركەوتنی كردەی ڕاپەڕاندن ، كە ئەمانەن:[١]
١–جیاوازی بۆ ئامانجی كار،ئەمەش وەلآمی ئەو پرسیارە دەداتەوە كە (ئاراستەكەی چییە؟ یان ئامانجی سیستەم تەنها بریتی یە لە دەست كەوتنی كار لە لایەن گوێگرە).
٢–جیاوازی لە ئاڕاستەكردنی ڕێكخستن لە نێوان وشەكان وشتەكان ، وشەكان ڕێكدەخات بۆ ئەوەی لەگەڵ واقع و دەوروبەربگونجێت.
٣–جیاوازییەكان كە پەیوەندی هەیە بە لایەنی سایكۆلوجیەوە ، كاتێك قسەكەر هەموو كارێكی ڕاپەڕاندن دەردەبرێت كە ناوەرۆكی گوزارەیی هەیە .
٤–جیاوازییەكان بۆ بەرهەم هێنان یان پابەندنەبوونی دەربراو بە بە پێشكەشكردنی ڕووی ڕاپەراندن.
٥–جیاوازییەكانی پێوەر یان بارودۆخی قسەكەر و گوێگر لە سنوری هەستیاری هێزی ڕاپەڕاندنی كار.
٦–جیاوازییەكان لەو ڕێگایانەی كە گوتەكان دەبەستێتەوە بە بەرژەوەندییەكانی قسەكەر و گوێگر.

(١) فرانسس أرمنیكو،١٩٨٧:63

٧–جیاوازییەكان كە پەیوەندی هەیە بە كۆی گفتوگۆ و بارودۆخی قسەكردن.
٨–جیاوازیەكانی ناوەرۆكی كە هێماكان دیاریان دەكەن یا ئەو ڕێگایانەی كە ئاماژە بۆ هێزی ڕاپەراندن، كە باس لە جیاوازی نێوان گوتن و پێشكەش كردن دەكات لە لایەك ئاگاداركردنەوەیە لە لایەكی ترەوە ئاراستەی داهاتوو دەكرێت.
٩–جیاوازی لە نێوان كردەكان و كردەكانی زمان، لەگەڵ ئەوەی كە كردەیەك ڕادەپەرێنی وەك كرداری زمانی بەبی ئەوەی بكەوێتە ژێر كاریگەری شتێكی داواكراو.
١٠–جیاوازییەكان لە نێوان كردەكان كە پێویستی بەشتی دەرەوەی زمان هەیە بۆ ڕاپەڕاندنی.
١١–جیاوازییەكان لە نێوان كردەكان یا كردە ڕاپەراندنەكان كە هاوشێوەی ڕاپەراندنێكە .
١٢–جیاوازییەكان لە هەڵس و كەوتی جێبەجێ كردنی كردەی ڕاپەراندان .[١]

## لێكەوتەكانی ئاخاوتن لەلای"گرایس"

ئەم قۆناغە دەتوانرێت دیاری بكرێت لە كردە قسەیە " ناراستەوخۆكانی" ی ئۆستن تاوەكو دەرچوونی ڕاپۆرتەكەی گرایس لە ساڵی ١٩٧٥ ئەمەش بەسەرەتایەك دادەنرێت بۆ دیاردەی كردەی قسەیە ناڕاستەوخۆكان[٢] دیاردەی لێكەوتەكانی ئاخاوتن لەلایەن "گرایس" سەری هەڵدا كە هەوڵی دا ڕێگایەك دابنێت بۆ ئاخاوتن، بە جەخت كردنەوە لەسەر لێكدانەوەی واتایی بۆ دەربڕاوەكان لە زمانی سروشتیدا چونكە گونجاو نییە، تەنها سەیری شێوەی دەرەكی ئەو دەربراوانە بكەین،[٣] بۆیە ئەم پێشنیارانەی كرد:

(١)Searle 1979:7

(٢)

(٣)Ibid:٣١-٢٣

أ/ مانای ڕستەی دەربڕاو لە لایەن قسەکەر وەپەیوەندی لەگەڵ گوێگر.

ب/ئەو بارودۆخەی کە تیایدا دەگوترێت.

ج/بنەماکانی هاریکاری.

کاتێك قسەکەر ڕستەیەك دەردەبڕێت بە گوێرەی بارودۆخ دوو کردەی زمانی ڕادەپەڕێنێت: "گرایس" ئەم دیاردەییەی ناو نا " لێکەوتەکانی ئاخاوتن"[(١)] وەدەتوانین بە گوێرەی ئەم تیۆرە کردەی زمانی ڕاستەوخۆ وکردەی زمانی ناڕاستەوخۆ واتای لێکەوتەکانی ڕستە لە یەکتری جیابکەینەوە.[(٢)] لێکەوتەکان لە لایەن زۆربەی زمانەوانەکان لەو بیرو بۆچوونە سەرەکیانەی پراگماتیکن کە بە نموونەیەکی زیندوو دادەنرێت بۆ گەیاندنی زۆرترین واتا بە بێ گوتن[(٣)]و بە پشت بەستن بە بارودۆخ و دەوروبەر."گرایس" لە وانەکانی بەناوی " وانەکانی گوتن" و " لۆجیك و گوتن" دەڵێت:"پێویستە بەشداری کردنت لە قسەکردندا بە گوێرەی پێویست بێت وبگونجێت لەگەڵ ئامانجی گوتنەکەت".[(٤)](دەیڤس) لەم ڕوانگەوە دەڵێت:"بەشداربووان قسەناکەن، تەنها ئەو کاتە نەبێت کە هەست بە هاریکاری دەکەن لە نێوان خۆیاندا بۆ سەرکەوتنی قسەکانیان، بۆ بەدەست هێنانی ئەو ئامانجانەی کە مەبەستیانە".[(٥)]کەواتە ئەو پێوەرانەی کە "گرایس" داینا لەسەر بنەماکانی گوتن کاریگەری سەرەکی هەبوو بۆ توانای زمانی و بەدەست هێنانی مانا لە نێوان قسەکەر و گوێگردا.[(٦)]

---

(١) Grice1975:٤٤

(٢)نعیمە الزهزی،١٩٩٧: ١٥٩-١٦٠

(٣)Levinson1983:98-100

(٤)Grice1975:47

(٥)Davis 2005:6

(٦)محمد محمد یونس علی ٢٠٠٦:١١٣.

## <u>بنەماکانی هاریکاری :</u>

" گرایس" چەند بنەمایەکی دانا لە نێوان قسەکەر و گوێگر ، کە بنەمای براگماتیکی قسەکردنە وە چوار بنەمای لاوەکی لە خۆ دەگرێت.[(١)]

### 1-<u>بنەمای چەندیتی</u> :

بڕی زانیاری گوتنەکان دەگرێتەوە ، کە دەبێ بە پێی پێویست و داوا بێت و زیاد لە پێویست نەبێ.[٢]

**٢- بنەمای چۆنیەتی :**

ئەم بنەمایە پەیوەستە بە ڕاستی گوتن پێشی دەڵێن بنەمای ڕاستی [٣]،واتا قسەیەك مەكە كە ڕاست نەبێت ، یان بەڵگەت نەبێت لە سەری

**٣- بنەمای پەیوەندی"گونجان":**

واتا کاتێك قسە دەکەیت دەبێت بگونجێت لەگەڵ قسەکانی تر ، بە واتایەکی تر قسەکانت گونجاو بێت لەگەڵ بارودۆخ و دەورو بەر.

**٤- بنەمای شێواز:**

گوتنەکەت روون و ئاشکرا بێت ، واتە کورت و ڕێکخراو بێت و تەمو مژاوی نەبێت[٤].

---

(١)أن روبول، جاك موشلار٢٠٠٣:٥٥-٥٦

(٢) عەبولواحید مشیر ٢٠١٠: ٧٢

(٣)سەلام ناوخۆش٢٠٠٤:٥١.

(٤) عەبدولواحد مشیر ٢٠١٠: ٧٢

ئەو بنەمایانە (چەندیەتی ، و چۆنیەتی،و گونجان، و شێواز)) گریمانەن لە توانای قسەکردندا هەن ، لە مەزەندەی هزری سەرەکی پەیدا دەبێت و مەبەست گەیشتنە بە ئامانجەکانی گوتن، بە پشت بەستن بە بنەماکانی هاریکاری کردن [١]کەواتە، گوێگران دەتوانن مانا بە دەست بهێنن لە قسەی قسەکەران.[٢] واتا، کاتێك گوێگر هەوڵ دەدات کۆمەڵێك گریمانە بێنێتەوە بۆ ئەوەی بگات بە مانای مەبەست. لە ڕوانگەی "گرایس" ەوە هەر ڕستەیەك لە هەمان کاتدا دوو مانا لە خۆ دەگرێت: یەکێکیان ڕاستەوخۆیە ، ئەوی تریان لێکەوتەیە ، جیاوازی نێوانیان ئەوەیە کە یەکەمیان لەمانای ووشەکان دەست دەکەوێت . بەڵام ئەوی تریان بە پشت بەستن بە بارودۆخی گەیاندنی دیاریکراو دەست دەکەوێت [٣]کەواتە ،کاتێك گوتە یەك دەردەبردرێت یان مەبەست مانای ڕاستەوخۆیە، یان پێچەوانەی گوتراوە، یان زیاتر لەوەی گوتراوە، ڕاستەوخۆ واتا مانای ووشەکانی ڕستەی دەربڕاو، بەڵام ئەوەی مەبەستە لێرەدا مەبەستی قسەکەرە کە هەوڵ دەدات بینرێت بۆ گوێگر بە ڕێگایەکی ناڕاستەوخۆ بە پشت بە ستن بە بارودۆخ و دەوروبەر، کەواتە کاتێك ڕستە نەیتوانی هەموو لایەنەکانی مانا روون بکاتەوە، لێکەوتە روونی دەکاتەوە بە بەستنەوەی مانای ڕاستەوخۆ لەگەڵ ناڕاستەوخۆ.[٤]

پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە لێکەوتەکان دووجۆرن:

**١/لێکەوتە نەریتییەکان :**

لێکەوتە نەریتییەکان بە هۆی بەکارهێنانی چەند ووشەیەکی تایبەتییەوە دروست دەبن "و،هێشتا، بەڵام...." بۆ تێگەیشتن لێیان پێویستمان بە دەوروبەر نییە[٥].

---

(١) Yule1996:37

(٢) آن روبول وجاك موشلار،٢٠٠٣ : ٥٣

(٣)محمد السيدى٢٠٠٠:١

(٤)Fasold,R.W.2006:159

(٥) قيس كاكل، كوردستان رفيق،١٣٥:٢٠١٤.

دارا هێشتا نەگەیشتووە.[1]

مانای ئەوەیە گەیشتنی دارا ڕاست دەبێت لە کاتێکی درەنگتر.

## ٢/ لێکەوتەکانی ئاخاوتن:

لێکەوتەکانی ئاخاوتن بۆ دروست بوون و تێگەیشتن لێیان پشت بە بنەمای هاریکاری و دەوروبەر دەبەستێت ئەمەش بە وەرگرتن یان لادان لێیان.کەواتە، لێکەوتە : بریتییە لە گەیاندنی مانا زیاتر لەوەی کە دەتوانرێت دەر ببرێت بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ[2] بۆ نموونە :

أ/ ئازاد لە کوێیە؟

ب/ئۆتومبێلێکی زەرد لە پێش کتێبخانەیە.

وەڵامی(ب) ناگونجێت لە گەڵ پرسیاری (أ) کە لە بنەمای هاریکاری (چەندیەتی ، گونجان) دەرچووە. ئەمەش مانای ئەوە نیە کە هیچ گرینگی بە بنەمای هاریکاری نەدراوە یان پشت گوێ خراوە، بە ڵکو دەبێت پەیوەندی بدۆزرێتەوە لە نێوان" شوێنی ئازاد" و "شوێنی ئومبیلی زەرد". ئەگەر وا گریمانە بکەین کە ئازاد ئوتۆمبێلێکی زەردی هەیە، کەواتە وەڵامەکەی وا دەخوازێت کە ئازاد لە کتێبخانەیە .[3]دەبێت ئەوەمان بیر نەچێت کە لێکەوتەکان بە گوێرەی هەڵوێستی قسەکەر بۆ بنەماکان بە دوو ڕێگای جیاواز دروست دەبن :

ڕێگای یەکەم ، جۆری ستاندەر،کاتێك قسەکەر بنەماکانی هاریکاری جێبەجێ بکات بە شێوەیەکی ئاشکرا.[4]

---

(١)Kurdistan Rafiq Moheddin 2009:61

(٢)Davis2005:1

(٣) Levinson1983: ٨٧

(٤)محمد معروف فەتاح ٢٠١١:215

أ/بنەمای چۆنیەتی:

–مامم زۆر نەخۆشە.

(واتای لێکەوتەی بریتی یە لەوەی من باوەرم وایە و بەڵگەم لەبەر دەستە کەوا مامم زۆر نەخۆشە.

ب/بنەمای چەندیەتی:

–قسەکەر:چەندی مانگە؟

–گوێگر:حەڤدەی مانگە [1].لێرەدا گوێگر وەڵامی قسەکەر دەداتەوەبە پێی پێویست نە زیاد نەکەم.

ج/بنەمای گونجان:

قسەکەر: ئەم سەعاتە دواکەوتووە.

گوێگر : ئەمرۆ سەعاتێك كارەبا بڕاوە.

وەڵامی گوێگر پەیوەندی هەیە بە پرسیاری قسەكەر ئەمەش بەو مەرجەی بە وسیاقە دەبەستێت كەوا هەردووكیان زانیاریان هەیە لەوەی كە سەعاتەكە بە كارەبا ئیش دەكات [٢].

د/بنەمای شێواز:

-قسەكەر : ڕاپەڕینە شكۆدارەكەی كورد كەی ڕوویدا؟

-گوێگر:ئاداری ١٩٩١،وەڵامی گوێگر ڕوون و كورت و بەدوای یەكە (لە زمانی كوردی دا مانگ لە پێش ساڵ دێت)

ڕێگای دووەم/جۆری نا ستاندەر قسەكەر لە بنەماكانی هاریكاری دەردەچێت بە مەبەست.[٣]

---

(١)Ridha,S,2005:77

(2)Ibid:76

(٣)Davis2005:7

أ/چۆنیەتی :

كاتێك كە قسەكەر لە بنەمای چۆنیەتی لابدات لەوانەیە گاڵتە پێكردن، دروست بێت سالار مرۆڤێكی دڵسۆزە، دەتوانی نهێنیەكانی لە لا باس بكەیت[١]" ئەگەر قسەكەر لە لای سالارەوە ئەو قسەیە بكات مانای پێچەوانە دەبەخشێت .

ب/چەندیەتی :

-قسەكەر:ژنەكەی ئازاد چۆن بوو بە لاتەوە.

-گوێگر:جلی پۆشتە بوو.

وەڵامی گوێگر وەكو پێویست نیە زانیاری كەمتر دەدات لەوەی كە پێویستە بدرێتە قسەكەر ئەمەش مانای ئەوەیە كە تایبەتمەندی یان كەسایەتی ژنەكەی ئازاد هی ئەوە نیە كە باس بكرێت.

ج/گونجان:

-قسەكەر : نمرەكانی ئەمساڵت چۆن بوو؟[٢]

-گوێگر:ببورە درەنگە دەبێ بڕۆم.

لەم نموونەیەدا گوێگر وەڵامی قسەكەر ناداتەوە ،چونكە وەڵامی گوێگر هیچ پەیوەندییەكی بە پرسیاری قسەكەرەوە نیە ئەمە وا دەكات كە قسەكەر یەكسەر تێبگات لەوەی كە گوێگر نایەوێت هیچ زانیاریەكات بدات بەقسەكەر.

د/شێواز:

-قسەكەر: باوكت ماوە؟

---

(١)عەبدولواحید مشیر 2005: ١١٥

Ridha,S,2005:79(٢)

-گوێگر:هەموو ئێوارەیەك جوان خۆی دەگۆڕێ و پیاسەیەکی ناو بازاڕ دەکات و بە پیاسە دەگەڕێتەوەماڵەوە.

مانای ئەوەیە کە باوکی لە ژیاندایە و تەندروستیشی زۆر باشە لێرەدا لە بنەمای(شێوان)لادراوە ئەمەش بە هۆی ووتنی وەڵامێکی دوورو درێژ لە جیاتی ئەمە دەیتوانی بڵی : بەڵێ لە ژیان دایە.

# بەشـــــی دووەم:

# داواکــردن

## بەشی دووەم: داواکـــردن

## تەوەرەی یەکەم : داواکردن چی یە؟

داواکردن لە ڕووی زاراوەوە بەواتای "خواستن"،"داواکردن" [١] یان "ویستن" دێت[٢] و لە ڕووی چەمکەوە داواکردن بە واتای ئارەزووی ئەنجامدانی شتێك دێت ،کەوا قسەکەر داوا لە گوێگر دەکات بۆی جێبەجێ بکات.[٣] بە واتایەکی تر داواکردن بریتی یە لەو کردە قسەیەیی، کە نێرەر داوایەك لە کەسی بەرامبەر دەکات بە جۆرێك کە شێوازێکی ڕووشکێنی تێدایە[٤] داواکردن جۆرێکە لە پەیوەندیکردنی نێوان نێرەر و وەرگر کە بەهۆی بیرۆکەو سیستەمی شێوازەکانی داواکردنەوە کردەیەك بەئەنجام دەگات[5]

بە پێی کردە قسەییەکان،(داواکردن)دەچێتە جۆری کردەی قسەیی داخوازی یان ئاڕاستەکەر کە " بەو جۆرانەی کردەقسەیی دەگوترێ کە قسەکەر بەبەکارهێنانیان وا بکات کەسی بەرامبەری کارێك ئەنجام بدات، کەواتە بریتی یە لەدەربڕینی خواستەکانی قسەکەر.فەرمانەکان و، داواکارییەکان و پێشنیازەکان لەوانە دەکرێ لە شێوەی ئەرێنی یان نەرێنی دا دەر بکەون.قسەکەر بە بەکارهێنانی کردەی قسەیی ئاڕاستەکەر(Directive)، هەوڵ دەدات جیهانی دەرەوە لە ڕێگای گوێگرەوە لەگەڵ وشەکانی هەماهەنگ بکات[6]"داواکردنەکان ئەو کردە مەبەستدار( Illocutionary act )انەی سەر بە پۆلە ئاڕاستەکەرەکان"Directives " ی سێرڵن .هەر وەك خۆی دەڵێ:" ئەو گوتنانەی کە نێرەر

---

(١)بدران ئەحمەد حەبیب ،٢٠٠٢ :81، نوری تاڵەبانی ،2014:١٤٤

(٢) فاضل نظام الدين ٢٠٠١ :٤٢٨

(٣)Maingay,S.1988:335

(٤)Brown,p.& Levinson,S.1978:56

(5)سەباح ڕەشید قادر،بیری یاسین حسن ٢٠١٣،٣٢

(6) Yule,G1996a.:54

دەریان دەبرێ بۆ ئەوەی گوێگر ئامادە بکات شتێکی بۆ ئەنجام بدات . ئەو هەوڵانە دەکرێ زۆر نەرم بن وەك کاتێك من بانگت دەکەم بۆ ئەوەی کارێك بکەی ، یان دەکرێ زۆر زبر بن ،کاتێك من پێداگری دەکەم ئەنجامی بدەی"[١] هەر بۆیە کاتێك کە کردە قسەییەکان لایەنێکی نەرم وەردەگرن و ڕەچاوی ڕێزداری، پلەو پایە و دەوروبەری ئاخاوتن دەکرێ، هەر کردەقسەیەکی سەرەکی ئامرازەپەراوێزییە نەرمکەرەوەکانیشی لەگەڵ دێت. بەڵام، کاتێك کە ڕاشکاوانەن و قسەکەر لە ئاستی باڵا دەستیەوە گوێگر دەدوێنێ ،لایەنی فەرمان دان و زبر وەردەگرن وهەر (کردە قسە سەرەکییەکە ) خۆی بەکاردێت. وەك: (برۆ، هەستە،بمگەیە،فریام کەوە.... ) کەواتە کردەی قسەیی

داواکردن پەیوەندی کۆمەڵایەتی نێوان هاوبەشەکانی کردە قسەییەکان پیشان دەدەن و لەسەر بنەمای ئەو پەیوەندییانە و دەوروبەرو هەل و مەرجی قسەکردنەکەی تێدایە دێنە ئاراوە.

داواکردنیش وەك کردەیەکی قسەیی دەتوانرێت بە ڕاستەوخۆ یان نا ڕاستەوخۆ ڕابپەڕێنرێت و بە چەند شێوازێك دەردەبردرێت .

## شێوازەکانی داواکــردن

### ١/فەرمانـدان:

لە زمانی کوردی دا گوتەی فەرمانداندان بە یەکێك لە گرینگترین و باوترین شێوازی داواکردن دادەنرێت [٢] کە نێرەر لەم جۆرە گوتنەدا بە پێی ئەو پلەوپایە و دەسەڵاتەی کە هەیەتی لە ناو کۆمەڵگا دا دەتوانێ فەرمان بە گوێگر بکات[٣]. بە مانایەکی تر فەرماندان بریتی یە لە داواکردنی

(١) Searl ,J.R1979:13

(٢) عبدولواحد مشیر 2009:١٠.

(٣) ئاوات ئەحمەد محەمەد صالح،2007:٤٧

کارێك بە مەبەستی ئەنجام دان وجێبە جێ کردنی لە لایەن گوێگرەوە.[١] پێکهاتەی ڕستەی فەرماندان بە گشتی بەهۆی کاری ڕستەکەوە دروست دەبێت، واتا کاری فەرماندان دەوری سەرەکی دەبینێت لە پێکهاتنی شێوەی ڕستەکە، بۆیە زیاتر شێوەی ڕستەی فەرمان بە هۆی کاری ڕستەکەوە دەبێت.[٢]

بۆ نموونە: نان بکڕە (بکڕە) دەوری سەرەکی دەبینێ و کردەی فەرماندان دەردەخات.

## شێوازەکانی فەرمانـدان:

### ١-شێوازی ڕاستەوخۆ

لێرەدا قسەکەر بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ داوا لە گوێگر دەکات کە کارێك ڕابپەڕێنێ و کردەیەك ئەنجام بدات. لەم جۆرە شێوازەی داواکردن دا قسەکەر دەسەڵات و توانایەکی تەواوی هەیە بە جۆرێك کە دەتوانێت بە فەرمانی بەهێز فەرمان بەسەر گوێگر دا بکات.واتا کردەی داواکردن ستوونی دەبێت . مەبەست لەستوونی ئەوەیە کە قسەکەر لە ڕووی تەمەن یان دەسەڵات یان هێز یان پلەو پایەی کۆمەڵایەتی یەوە بەرزترە و دەسەڵاتی بەسەر گوێگردا هەیە.[٣]

باوك بۆ کچەکەی

"بێ دەنگ بە کچێ"

لێرەوە کردەی فەرماندانەکە لە لایەن باوکەکەوە و جێ بە جێ کردنی هەمان کردە لەلایەن کچەکەوە لە یەك کاتدا ڕوودەدات ئەویش کاتی ئێستایە[٤]

(١) الطراز المتضمن لاسرار البلاغة ٢٠٠٢: ٥٣٠
(٢)قەیس کاکل تۆفیق ١٩٩٥: ١٦.
(٣) قيس اسماعيل الأوسي١٩٨٨: ٨١.
(٤) عەبدوللاَ حسين ٢٠٠٤: ٥١

## ٢-شێوازی ناڕاستەوخۆ:

لە شێوازی ناڕاستەوخۆدا قسەکەر بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا داوا لە گوێگر ناکات کە کارێك ئەنجام بدات، بەڵکو ئەوەی مەبەستیەتی بیگەیەنێ و لە هەمان کاتیشدا هێزی فەرمانی داواکردنەکەی کەم بکاتەوە، پەنا دەباتە بەر بەکارهێنانی شێوازی جیاواز کە پشت بە دەوروبەر دەبەستێ یان داواکردنەکەی شێوازی ڕێز بە خۆیەوە دەبینێ. لێرەدا، نێرەر مەبەستی خۆی بە ناڕاستەوخۆ دەگەیەنێت و گوێگریش لە ڕاز و مەبەستی قسەکەر دەگات بە پشت بەستن بە واتای سیمانتیکی دەربرینەکەو ئەو دەوروبەرەی کە دەربرینەکەی تێدا دەربڕاوە. بۆ نموونە:

- ئێرە زۆرساردە .
- تۆ لەسەر پەنجەم ڕاوەستاوی.
-من ناتوانم ئەم فلیمە ببینم کاتێك کڵاوت لەسەر بێت.[١]

ئەم دەربڕینانە دەتوانرێت تێبینی بکرێت لە زمانی کوردیدا بۆ گەیاندنی داواکردنی ناڕاستەوخۆی کاتێك دەڵێین ئێرە زۆر ساردە ،دەتوانرێت بەکاربهێنرێت وەکو داواکاریەك بۆ ئەوەی دەرگاکە دابخات. نموونەی دووەم (بەکاردەهێنرێت وەکو داواکردنێك بۆ گوێگر بۆ ئەوەی کەمێك دوور بکەوێتەوە ، نموونەی سێ یەم (ئەمە داواکردنێکە بۆ گوێگر بۆ ئەوەی کڵاوەکەی لەسەر بکاتەوە.کەواتە دەربرینەکان بە تەواوەتی پشت دەبەستن بە دەوروبەری گونجاو لە کاتی قسەکردندا. لێرەدا ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە کەئەگەر هاتوو قسەکەر لە کاتی قسەکردن دا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆی کردەی ڕاپەڕاندنی ئەنجامدا ئەوا هێشتا دەرفەت ماوە بە جۆرێك تا بتوانین چەندین هۆکاری زمانی جۆراوجۆر بەکار بهێنێت بۆ ئەوەی پلەی خۆ سەپاندنی کەم بکاتەوە.و لە شێوازی کردەی فەرماندانی ڕێزدارانەدا، قسەکەر دەسەلاَتی بەسەر گوێگردا ناڕوات یان تەنانەت ئەگەر قسەکەر دەسەلاَتیشی بەسەر گوێگر دا بڕوات ، نایەوێت فەرمانەکانی بە هۆی هێزەو بەسەری دا

(١) SearlJ.R.1975:43

بسەپێنێ ،کەواتە لە بری ڕێگای سەربازی ڕێگای دبلۆماسی دەگرێتەبەر.[١]بۆ نموونە:
أ/مەمنون دەبم ئەگەر پەرداخێك ئاوم بۆ بێنی.
ب/ئەتوانی پەرداخێك ئاوم بۆ بێنی.

ج/پەرداخێك ئاو خۆشە لە كاتی گەرمادا.
ئەگەر قسەكەر ڕستەی (أ) بەكارهێنا ، ئەوا هەوڵی ئەوە دەدات كە ڕوومەندی كەسی بەرامبەر بپارێزێت[٢] ئەویش بە هۆی بەكارهێنانی وشەی ڕێز"مەمنون " دەبم. بەڵام بەدەربرینی ڕستەی (ب) ، قسەكەر هەوڵدەدات شێوازی پرسیاركردن بەكاربێنیٚ بە جۆرێك كە ئازادی كرداری تێدایە بۆ جیٚ بەجیٚ كردنی داواكاریەكە، وهەروەها هەولی خۆ سەپاندن نادات بەسەر گوێگر دا وەك هۆكارێكی كەم كردنەوەی هێزی فەرماندانەكە و پیشاندانی جۆرێكی ڕێزبەرامبەر بە گوێگر.
بەدەربرینی خاڵی (ج)، قسەكەر بە شێوەیەكی ناڕاستەوخۆ داوا لە گوێگر دەكات كە كارێكی بۆ ئەنجام بدات، واتا ئەو مانایەی كە داواكار مەبەستیەتی جیاوازە لەو ڕستەیەی كە دەری دەبرێت هەروەك بەدەربرینی ڕستەی پەرداخێك ئاو خۆشە لە كاتی گەرمادا نێرەر مەبەستی هەواڵ گەیاندن نیە بەڵكو بە ناڕاستەوخۆی كردەی فەرماندان ڕادەپەڕێنێت و داوا لە گوێگر دەكات كەوا پەرداخێك ئاوی بۆ بێنیٚ.

## كردەی ڕستەی فەرمانـدان:

لێرەدا گرنگە ئاماژە بەوە بكرێت كەوا بەپشت بەستن بەدەوروبەر، گوتەی فەرماندان كردەی جیاواز ڕادەپەڕێنێت كە لە مانابنچینەیەكەی خۆی دەردەچێت كە بۆی دانراوە كە بریتی یە لە كردنی كارێك.

(١) عەبدوڵا حسین ٢٠٠٤: 53
(٢) ئارام عەبدولواحد حەمە ڕەشید مەعروف ٢٠١٣ : 168

**١/كردەی ئامۆژگاری كردن**[١]
-چای گەرم مەخۆرەوە.
لێرەدا قسەكەر كردەی ئامۆژگاری كردن جێبەجیٚ دەكات كاتێك داوا لە گوێگر دەكات چای زۆر گەرم نەخواتەوە چونكە زیانی بۆی دەبێت.
**٢/ كردەی ڕوولێنان**
-نیوەڕۆ لە لامان بە.
قسەكەر تەكلیف لە گوێگر دەكات تا نانی نیوەڕۆیان لەگەڵ دابخوات.
**٣/كردەی پێشنیاز**
جاری وایە كە قسەكەر پێشنیارێك دەكات بۆ گوێگر،بەڵام لە ناوەرۆك و مەبەستەكەی فەرماندان دەگەیەنێت[٢]
-وەكو ئازاد بە هێز بە.

لێرەدا نێرەر پێشنیاز بۆ کەسی بەرامبەر دەکات کە وەکو ئازاد بێت چونکە بەلایەوە کەسێکی پەسەند و باشە و چاونەترسە.

**٤/کردەی ئیزن دان**

-چاوەروانی من مەکەن ، وێنەکەتان بگرن.

**٥/کردەی هەرەشەکردن**

-بە گوێم مەکە.بزانە چیت لێ دەکەم.

---

(١) قیس کاکل تۆفیق:١٩٩٥:109

(٢) مەحەمەد مەعروف فەتاح 1990: ٣٠

لێرەدا نێرەر کردەی هەڕەشەکردن جێ بەجێ دەکات کەوا سزای گوێگر دەدات ئەگەر بە گوێ ی نەکات[١].

**٦/کردەی پاڕانەوە**

-خوایە گیان لە سزای ناو گۆڕ بمان پارێزە.

لێرەدا داواکەی نێرەر لە خوارەوە بۆ سەرەوەیە لە بچوکەوە بۆ گەورە، لە بێ دەسەلاتەوە بۆ خاوەن دەسەلات بەمەبەستی جێ بەجێ کردنی کردەی پاڕانەوەیە[٢].

**٧/گلەیی و ناڕەزایی**

-فەرموو وەرە حاڵم ببینە

**٨/تاوانبارکردن**

-تۆ کتێبەکەت دڕاندوە دەبێت زوو چاکی بکەیتەوە.

**٨/توانج لێدان**

-برۆ برۆ مووچەکەت وەردەگریت.

**٩/ئاگادارکردنەوە**

-دەبێت لایەنە کوردیەکان لە پەرلەمانی عێراق یەك هەڵوێست بن.

**٢/پرسیارکردن:**

پرسیار کردن بە گشتی بە مەبەستی دەست خستنی ئەو زانیاریانە بەکاردێت کە قسەکەر دەیەوێت

---

(١) قیس کاکل تۆفیق:١٩٩٥:**109**

(٢) فضیلة عبدالعباس حسن الأسدي٢٠٠٩: ١٢٠

کەلێنێ یان چەند کەلێنی لە فەرهەنگی زانیاری خۆی پێ پڕ بکاتەوە [١] واتە داواکردنی ئەو زانیاریە نەزانراوانەی کە قسەکەر زانیاری لەسەریان نیە[٢]

**جۆرەکانی ڕستەی پرسیار**

**١-پرسیارکردن بە هۆی هێزەوە:** پرسیارکردن بەهۆی هێزەوە پێی دەوترێت پرسیاری گشتی یان پرسیاری ڕستەیی. ئەم جۆرە پرسیارکردنە هیچ ئامرازێکی پرسیارکردن لەناو کەرتە پێکهێنەرەکانیەوە نا بینرێت، بەڵکو بەهۆی بەکارهێنانی هێزەوە لە (سەرەوە بۆ خوارەوە) دروست دەبێت و ئاڕاستەی گوێگر دەکرێت تاوەکو بڕیاری لەسەر بدات واتا ڕەزامەندی یاخود ناڕەزای دەربڕێت ئەویش بە گۆکردنی یە کێ لەم وشانە (ئا،بەڵی،ئە، نەخێر،نا، با)[٣].بۆ نموونە:

ا/ڕاهێنانت بە سەربازەکان کرد؟

ب/بەڵێ گەورەم.

**٢-پرسیار بە هۆی ئامرازەوە:**

پرسیارکردن بە هۆی ئامرازەوە پرسیاری تایبەتی و یان وشەیی پێ دەوترێت، ئەم جۆرە پرسیارکردنە ئەو ڕستانە دەگرێتەوە کە ئامراز(جێناو-ئاوەڵناو-ئاوەڵکار) ی پرس بەشداری پێکهاتەیان دەکات . لێرەدا نێرەر دەیەوێت زانیاری لە خاڵێکی تایبەتیەوە لە گوێگر وەربگرێت وە دەبێ باوەڕی وا بێ کە گوێگر ئەو زانیاریانەی لە لا دەست دەکەوێت[٤] واتا گوێگر دەبێتە سەرچاوەی زانیاری بۆ قسەکەر[٥] بۆ نموونە:

---

(١) مەحەمەد مەعروف فەتاح ١٩٩٠: ٢٧، قیس کاکل تۆفیق١٩٩٥:٢٢

(٢) ابن هشام الأنصاري ١٣/١، أحمد بن فارس الشويمي١٩٦٤ :٩٢٠

(٣) أبو بكر عمر قادر١٩٩٣: ٦٣

(٤) ابو بكر عمر قادر ١٩٩٣: ٣٤

(٥) قيس اسماعيل الأوسي١٩٨٨: ٣٠٧-٣٠٨

قسەکەر:ئەمڕۆ چەندی مانگە؟

گوێگر:ئەمڕۆ پێنجی مانگە.

## کردەی ڕستەی پرسیار

لەڕاستیدا پرسیارکردن جگە لەوەی کە بە مەبەستی وەرگرتنی زانیاری لە کەسی بەرامبەر بەکاردێت، ئەمە بە شێوەیەکی گشتی ، زۆر جاریش پرسیار کردن لە ژیانی ڕۆژانەماندا تەنها بۆوەرگرتنی هەواڵ و زانیاری نەبووە ،بەڵکو بۆ ئەنجامدانی مەبەستی تر بووە " بێگومان ئەو مەبەستانەش لە ڕووی سیمانتیکەوە لێکدانەوەیان بۆ ناکرێت،بەڵکو لێکدانەوەیان دەکەوێتە سنووری پراگماتیکەوە"[١]، هەندێ جار کردەی جیاوازی پێ ئەنجام دەدرێت وەك :

**١/کردەی ناڕەزایی دەربڕین**

-ئەرێ کارەبا هەر نەهاتەوە؟

**٢/گلەیی کردن**

-قەرزەکەت هەرنەداوە؟

**٣/پاکانەکردن و ڕەتکردنەوە**

پاکانەکردن ، قسەکەر گوناهێك یان تۆمەتێکی خراوەتە پاڵ و دەیەوێ لەسەر خۆی لا بدات [٢]

-من جاشایەتیم دەکرد یان ئێوە؟

**٤/پۆزش هێنانەوە**

**قسەکەر پەشیمانی دەردەبرێت بەرامبەر بەگوێگر**

---

(١) تالب حسین عەلی ٢٠١٤: 248

(٢) قەیس کاکل تۆفیق ١٩٩٥: ١٠٧.

-ببورە کتێبەکە هی تۆ بوو؟

**٥/کردەی داخوازی کردن** [١]

-نانەکەت ناخۆی؟

**٦/ گومان دەربڕین**

-ئێوەش دەزانن ئەم ساڵیش ماددەی ١٤٠ جێ بە جێ ناکرێ؟

**٧/ سەرسورمان**

-چۆن وا بە ئاسانی سوپای عێراق لە موسل شکستی هێنا؟

ئەم پرسیارکردنە سەرسورمانی تێدایە.

**٨-تاوانبارکردن**

-تۆ سەری منداڵەکەت شکاند؟

## ٣-ڕستەی هەواڵ گەیاندن

ڕستەی هەواڵ گەیاندن بەو ڕستەیە دەوترێت کە کردە و بارێك باس دەکات. [٢] بەسەرەکی ترین جۆری ڕستە هەژماردەکرێت ،چونکە جۆرەکانی تری ڕستەی لێ دروست دەکرێت. هەروەها لە ڕستەی هەواڵ گەیاندندا قسەکەر سەرچاوەی زانیارییە و هەواڵ دەدات بەکەسی بەرامبەر و کەسی وەرگر هیچ وەلأم دانەوەیەکی ئەرێنی یان نەرێنی نابێت بەڵکو زانیاری وەردەگرێت.[٣]

ئازاد بۆ بازار دەچێت.

---

(١)قەیس کاکل تۆفیق ١٩٩٥: ١٠٤

(٢) نسرین فەخری 2002: ٥٨

(٣) قەیس کاکل تۆفیق١٩٩٥: ١٨

**کردەکانی ڕستەی هەواڵ گەیاندن:**

ڕستەی هەواڵ گەیاندن جگە لەوەی کە هەواڵ و زانیاری بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەگەیەنێت، بە کەسی بەرامبەر،دەتوانرێ بە ناڕاستەوخۆچەند کردەیەکیان پێ ڕاپەڕێنرێت . لێرەدا هەوڵ دەدەن چەند کردەیەك بخەینە ڕوو[1]:

**١/ کردەی ئاگادارکردنەوە**

-هەورێکی ڕەشی هێناوە.

**٢/ کردەی پەیماندان**

-بەیانی سەردانی دایکت دەکەم.

**٣/کردەی گرەو کردن**

-ئەم ساڵیش قەیرانی داراییە.

**٤/کردەی داواکردن**

-ژوورەکە تاریکە.

**٥/کردەی پاکانەکردن**

-دڵنیام لەوەی کە دڵم پاك بوو

**٦/کردەی گلەیی کردن**

-نامەکانت هەمووی دڕاندووە.

---

(١) عەبدولواحید مشیر٢٠٠٥: ١٦٨

**٧/کردەی پۆزش**

لەم جۆرە کردەیەدا قسەکەر پۆزش دەهێنێتەوە بۆ کارێکی نەگونجاو کە کردوویەتی،و بە شێوەیەکی ئاشکرا پەشیمانی دەردەبڕێت هەروەك سیرل دەڵێت: ( کەسێك بۆ ئەنجام دانی کارێك داوای لێبوردن دەکات.لە کردنی ئەو کارە داخ و پەشیمانی دەردەبڕێت. قسەکەر بەو پۆزش هێنانەوەیە وا دەکات ئەو کارەی کردوویەتی بە ئاشکرا وەك کارێکی نەگونجاو یان سنوور بەزاندن بناسرێت) [1]

-داوای لێبوردن لە قوتابیەکانم دەکەم کە...

**٨/کردەی توانج لێدان**

-کارەباکەمان بۆتە ترافیك لایت

**٩/گومان دەربرین**

-دەڵێن هەرایەکە لەگەڵ خەسوی بووە.

**١٠/هەڕەشە:**

-دەتکوژم

لەم نموونەیەدا  قسەکەر هەڕەشە لە گوێگر دەکات کە سزای بدات لەسەر ئەو کارە نابەجێیەی کە کردوویەتی یاخود بۆ مەبەستی ترساندنی کەسی بەرامبەرە بۆ ئەوەی کاری وانەکات.

**١١/پان کردنەوەمەرایی**

من هەمیشە دڵسۆزی حیزبەکەم.

**١٢/تاوانبارکردن**

داعش کوشتنی کوردانی حەڵاڵ کرد.

---

(١)Reiter,Rosina,2000:44

**١٣/کردەی هەست دەربڕین**

-کۆبانێ خاکی کوردانە.

## تەوەرەی دووەم : دەوروبەری کۆمەڵایەتی

دەوروبەر بریتی یە لەو زانیاریە هاوبەشانەی کەلە نێوان قسەکەر و گوێگر دا  هەیە کە یارمەتی گوێگر دەدات بۆ گەیشتن بە مەبەستەکانی قسەکەر لە هەر گوتنێکی دیاریکراودا . بەمانایەکی تر دەوروبەر ئەو زانیاریە پێشینانە دەگرێتەوە کە لە نێوان ئاخێوەراندا هەیەو ڕێگایەکە بۆ گەیشتن بە مەبەستەکانی قسەکەر[1].

بێگومان ،هەموو کۆمەڵگایەك کۆمەلێك یەکەی زمانی هەیە کە ڕەنگدانەوەی سروشتی دەوروبەریەتی لەسەر بیرکردنەوەی تاکەکانی ، کەواتە زاراوەی دەوروبەری کۆمەڵایەتی هەموو داب و نەریت و یاساو ڕێسا کۆمەڵایەتیەکان دەگرێتەوە ، کە قسەکەرو گوێگر بەیەکەوە گرێ دەدات[2]

کەواتە، هەڵبژاردنی ووشەکان،و بەکارهێنانیان لە ناو ڕستەدا جیاوازە بە پێی جیاوازی کەلتورەکان ،چونکە هەر کۆمەڵگایەك کۆمەلێك یاسا،و ڕێسا، و داب، و نەریتی تایبەت بە خۆی هەیە ،بۆ نموونە لە ناو کۆمەڵگای بەریتانی بەرزدا وشەی "**Looking glass**"لە جیاتی "**Mirror**" بەمانای ئاوێنە بەکاردێت، [3] ئەگەر بێت و سەیری کۆمەڵگای کوردەواری بکەین، زۆر وشەی هاو شێوەی ئەوەمان دەست دەکەوێت، بۆ نموونە، (خێزان، هاوسەر،ژن،دایکی منداڵان، ماڵ و منداڵ)لێرەداووشەی (هاوسەر) بۆ  هاوسەری ژیان لە لای خەڵکی شاردا بەکاردێت، ئەمەش بە هۆی پێش کەوتنی لایەنی رۆشنبیری و زانست لە ناویان دا و بەردەوام بوونی لەگەڵ ڕێرەوی زانست .بەڵام لە لادێیەکان دا وشەی ماڵ(ماڵ یان کەل و پەل) بۆ ئافرەت بەکاردێت ، کاتێك یەکێك دەلێت

---

(١) **Leech, G.1983:13**

(٢) ئاڤێستا کەمال مەحموود ٢٠٠٦: ٩

(٣) عبدالقادرعبدالجلیل2002:  55

ماڵ و منداڵ باشن. ئەمەش بە هۆی پابەند بوونیان بە داب ونەریتی نەریێنی کۆن ،و دوور بوونیان لە پێشکەوتنە کۆمەڵایەتیەکان، بە جۆرێك کەوا پیاوان زۆر بەکەم وەك کەل و پەل سەیری خێزانەکانیان کردووە نەك وەك مرۆڤێك بەلاٌم وشەی (خێزان) بەواتای هاوسەر لەلای کۆمەڵی مام ناوەندی بەکاردێت.[1]شایەنی باسە، کە زۆربەی وشەکان بە پێی گۆڕانی بارودۆخی کۆمەڵایەتی،و پێشکەوتنی کۆمەڵگا گۆڕانکاری بەسەردا دێت، ئەمەش وادەکات گۆڕان بەسەر لایەنە واتاییەکانیش دا بێت، بۆ نموونە:وشەی ڕەگ مانای خۆی هەیە لەلای جوتیار،ومانای تری هەیە لە لای زمانەوانەکان و مانای سێەمی هەیە لە لای زانایانی بیرکاری. کەواتە جیاوازی کۆمەڵایەتی یاخود ڕۆشنبیری بەرچاو دەکەوێت تەنانەت لە نێوان پێگە جیاوازەکانیش دا [2].

١/وەرە، کچێ.

٢/ژیان جانتاکەم نادەیتێ؟

٣/بەڕێز،دەتوانی یارمەتیم بدەی؟

٤/مامۆستا دەرگاکە دامەخە.

هەریەك لەم ڕستانەی سەرەوە پابەندە بە دەوروبەرە کۆمەڵایەتیەکەی . شوێن و پێگەی قسەکەرمان بۆ ڕووندەبێتەو بێ ئەوەی ئامادەی گفتوگۆیەکە بین ،ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە کەپەیوەندی نێوان قسەکەر و گوێگر لەڕستەی یەکەمدا لە ئاستێکی نزمدایە و گوێگر دەسەڵاتی زۆر لە قسەکەر نزمترە، بۆیە دەکرێ ئەم جۆرە دەربڕینەی بۆ بەکاربێت، بە جۆرێك کە پەسند بێت لە گەڵ دەوروبەری کۆمەڵایەتیەکەیەوە لە ڕستەکانی تریش دا (٢-٣)پەیوەندی و دەسەڵاتی قسەکەر و گوێگر ڕەچاو کراوە. لە ڕستەی (٤)دا ڕستەکە لە ڕووی ڕێزبوونی کەرەستەکانی و واتاکەیەوە دروستە، بەلاٌم ئەگەر بیبەستینەوە بە دەوروبەری کۆمەڵایەتیەوە ئەوە نادروستە ،چونکە قوتابی لە ڕووی پلەو پایەودەسەلاٌت لە مامۆستا نزمترە ،بۆیە ناتوانێ فەرمان بەسەر مامۆستادا بکات بۆ ئەوەی دەرگاکە

---

(١) سازان رضا معین 2005: ١٣

(٢) عبدالنعیم خلیل٢٠٠٧: ٩٢

دابخات یان دانەخات. زۆر جار قسەکەر بە پێی باری دەوروبەر و پێگە و تەمەن و پاراستنی سومعە هەوڵدەدات گوتنەکەی بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ یان لەگەڵ چەند توخمێکی پەراوێزی دیکەدا بەکاربێنێ هەر بۆیە قسەکەر بە پێی دووجۆری سەرەکی کردەی داواکردن، داواکەی ئاراستەی گوێگر دەکات کە خۆی لەدوو بەشی سەرەکی پێك دێت:ناوك یان بنجی داواکە ، کە ئەرکی داواکردنەکە جێبەجێ دەکات، و توخمە پەراوێزییەکانی،کە هێزی داواکە سووك یان قورستر دەکەن. ئەمانەیخوارەوە پەیوەندییان بەو کەرتە نەرمکەرەوەکانەوە هەیە کە بۆ دوو گروپی سەرەکی دابەش دەبن: ئەوانەی ئاماژە دەکەن بە نەرمکەرەوەی ناوەکی، بنجی داواکە و ئەوانەی ئاماژە دەکەن بە بنجەکە لە ڕووی دەرەکییەوە.نەرمکەرەوە ناوەکییەکان( **internal Modifiers**) ئەو کەرتانەی کە

سروشتی سەپاندنی داواکە سووک دەکەن و لە ناو داوا سەرەکییەکەدا جێگیر دەبن، وەك بڵێی "بکرێ" داوات لێبکەم پەنجەرەکە بکەیەوە؟

نەرمکەرەوە دەرەکییەکان(external Modifiers)ئەو دەستەواژە بژار کراوانەن کە سروشتی هەڕەشەیی یان سەپێنەرانەی داوا بنچییەکە نەرم دەکەنەوە، کە بۆ خۆیان دابەش دەبن بە جۆری:

١-بەستێنخۆشکەرەکان (Groanders ) :زەمینە خۆش دەکات بۆ دەربڕینی داواکە.

-دەکرێ چراکە بکوژێنییەوە، سەرم دێشێ.

٢-چەککەرەکان (Disarmers) :ئەو دەستەواژانە بەکاردێنێ بۆ ئەوەی بەرانبەرەکەی چەك بکات وەك:(کاکە)،(بێ زەحمەت) بۆ نموونە

-کاکە، بێ زەحمەت، ئەو چرایە بکوژێنەوە

٣-فراوانکەرەکان (expenders) :داوایەکی بچووك بە گوتنی زۆر فراوانی دەکات.

-بەیانی ڕۆژی لە دایکبوونمە، دەتوانی بێی ؟ تکادەکەم وەرە.

٤-تکاکان (please): ئەوانەی بە وشەی تکا بەکاردێن.

- تکایە دەرگاگە بکەرەوە[1].

بەپێی نموونەکانی[2]نەرمکەرەوە ناوەکییەکان چوار جۆرن کە بەم شێوەیەی خوارەوەن:

١-دەستپێکەرەوەکان (Openar):ئاماژە بەو ووشەو دەستەواژە سەرەکییانە دەکەن کە لە دووی هاوبەشیکردنی وەرگرەکانن و هەموو داواکە نەرم دەکەنەوە. کە دەکرێ لە سەرەتا یان کۆتایی داواکەدا بێن

وەك –بێ زەحمەتە ،دەنگی تەلە ڤزیۆنەکە کەم کەیەوە؟

–ئەو پەنجەرەیە دەکەیەوە، ئەگەر زەحمەت نیە؟

٢-ناسککەرەوەکان(Softener):

دووەم جۆری نەرمکەرەکان ، ناسکەرەوەکانن، ئاماژە بەو ئامرازانە دەکەن کە فشاری داواکە کەم دەکەنەوە

ناسکەرەوەکان دەکرێ بە سێ جۆر دابەش بکرێت:

–بەکەم دانان (understatement) ەکان(دەستەواژەکان وەك:کەمێك، چرکەیەك، یەك خولەك ،

دەکرێ کەمێك ، پەنجەرەکە بکەیەوە؟

–خاوکەرەوەکان (downtoner ):

وەك دەشێ پەنجەرەکە بکەیەوە( بۆ پارێزگاری لەدەربرینی داواکە بەکاردێن).

---

(١)Alcan soler,safont Jorda,P2005:168-169

(٢)Ibid:35

-سنوردارکەرەوەکان(Hedge) : (بەکارهێنانی ئەو شتانەی لەبەر بێ متمانەی لە دروستی و تەواوێتی ئەوەی دەیڵێین). وەك :بتهەوێ نەتهەوێ ئەوان دەڕۆن

٣-بەهێزکەرەکان(intensifier):سێیەم جۆری ناسککەرەوەکانن کە کاریگەریی داواکە زیاد دەکەن.وەك:

- دەبێ تا مانگی دوو نامەکەت تەواو بکەی[١].

٤-پڕ کەرەوەکان(Filler): ئەو دانە فەرهەنگییە بە ئارەزووانەیە کە قسەکەر بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییەکان لە کاتی کارلێککردن و هەڵسوکەوت بەکاریان دێنێت[٢]. کە بە چوار جۆر دابەش دەبن:

أ-دوودڵکەرەوەکان(hesitator) : "ئەو ئامرازانەن کە لە بەر نا دڵنیای قسەکەر لە کاریگەری داواکەی وەرگر دێن".

-هم ،هم...دەکرێ پەنجەرەکە بکەیەوە؟

ب/هاندەرەکان(Cajoler):هەوڵی قسەکەرە بۆ ڕوونکردنەوەی باسەکە بۆ گوێگر .

-کوڕەکەم ، هەوڵدە،هەوڵ وکۆششی ئەمڕۆت بە ئامانجی بەیانیت دەگەیێنێ.

ج-پەسندکەرەکان (oppealer) ( بۆ ڕازی کردنی وەرگر بەکاردێن).

-داوەتەکە کاژێر حەوتە ، زووتر وەرە، باشە؟

د-سەرنجکێشەکان(attention-getter):(بۆ ڕاکێشانی سەرنجی وەرگر بەکاردێن وەك:" ببورە ....، سەیرکە...، برام...".

-سەیرکە ئۆتۆمبیلەکەت بەر دەرگای گرتووە.

---

Alcan soler,safont Jorda, 2005:20(١)

(٢) Ibid:21-22

## پێکهاتەی سینتاکسی داواکردن

### ١/پێکهاتەی ڕستەی فەرماندان:

### أ/پێکهاتەی ڕستەی فەرماندانی ڕاستەوخۆ:

ڕستەی فەرماندان ڕاستەوخۆ لە کاری فەرماندانەوە دێتە بەرهەم[١]. بۆ نموونە:

-مێزەکە پاك بکەرەوە.

ناو+مۆرفیمی ناساندن+ئاوەڵگوزارە+مۆرفیمی فەرماندان+ڕەگی کار+مۆرفیمی کاتی ئێستا( دەرنەکەوتووە)+جێناوی کەسی دووەمی تاك(دەرنەکەوتووە)+ناوبەند+مۆرفیمی دووپاتکردنەوە

مێز+ەکە+پاك+ب+کە+ Ø + Ø +ر+ەوە

-لاوین لەگەڵ ئازاد مەگەڕێ.

ناو+ئامراز+ناو+مۆرفیمی فەرماندان نەرێ+ ڕەگی کار +مۆرفیمی کاتی داهاتوو (دەرنەکەوتووە)+جێناوی لکاوبۆ کەسی دووەمی تاك (دەرنەکەوتووە)

لاوین+لەگەڵ+ئازاد+مە+گەڕێ+ Ø + Ø .

**ب/پێکهاتەی ڕستەی فەرماندانی ناڕاستەوخۆ**

-بینەران چاوەڕوانتن

پێکهاتەی ڕستەی هەواڵدان+دەوروبەر

ناو+مۆرفیمی کۆ+کار+جێناو (بەرکار)+جێناو(بکەر)+دەوروبەر

بینەر+ان+چاوەروان+ت+ن+دەوروبەر.

---

(١)قەیس کاکل تۆفیق١٩٩٥: ٢٩

-تەنکییەکەت پڕکردەوە؟

پێکهاتەی ڕستەی پرسیار+دەوروبەر

ناو+مۆرفیمی ناساندن+جێناو+ئاوەڵناو+کار+مۆرفیمی دووپاتکردنەوە+دەوروبەر

تانکی+ەکە+ت+پڕ+کرد+ەوە+دەوروبەر

## پێکهاتەی ڕستەی پرس

پێکهاتەی ڕستەی پرس لە زمانی کوردیدا زۆر سادەیە ،چونکە تووشی گیروگرفتی سینتاکسیمان ناکات و ڕاستەوخۆ لە ڕستەی هەواڵ گەیاندن دروست دەکرێت و بۆ جیاکردنەوەی جۆرەکانی تری ڕستە، نابێت تەنها پشت بە ڕوخساری ڕستە ببەستین ،بە ڵکو دەبێت بارودۆخی قسەکەر و گوێگر لەبەر چاو بگرین .واتە ،سود لە هۆکارە پراگماتیکی یەکان وەربگیرین بۆ لێکدانەوە و شیکردنەوەی جۆرەکانی ڕستە[١] بۆ نموونە :

-ئەو کام گوڵی دەوێت؟[٢]

-ئایا دەتوانم نان بخۆم؟

-بێ زەحمەت دەتوانم نان بخۆم؟

## پێکهاتەی ڕستەی هەواڵ گەیاندن:

لە ڕووی پێکهاتنەوە ئەو ڕستانە دەگرێتەوە کە تەنیا یەك کاریان تێدایە ، بە گوێرەی کەرەسە

---

(١) ابوبكر عمر قادر١٩٩٣: ١٢

(٢) قەیس کاکل تۆفیق ١٩٩٥: ٢٦

سەرەكییەكان و نا سەرەكییەكان دوو جۆر ڕستەی سادە لێك جیا دەكرێتەوە[1].

١-ڕستەی سادەی ناوك(بنج)

٢-ڕستەی سادەی فراوان كراو

أ/ڕستەی سادەی ناوك:

ئەم جۆرە ڕستەیە سادەترین جۆری ڕستەیە كە لە گریێ ی ناوی و گریێ ی كاری پێك دێت [2]




(١) ساجیدە عەبدوڵلا ٢٠١٣: ٣٩

(٢) وریا عمر امین١٩٩:٢٠٠٩.

٢/ڕستەی سادەی فراوانكراو:

مەبەست لە ڕستەی سادەی فراوانكراو ئەو ەیە كە ڕستەی سادەی ناوك بە هۆی چەند كەرەسەكی ناسەرەكی فراوان كراوە[1]

قوتابییەكە هات (ڕستەی سادەی ناوك)

قوتابیە جوانە هەژارە زیرەكەكە هات.

(١)ساجیدە عەبدوڵلا ،٢٠١٣: ٤٠

# بەشی سێیەم:

# ڕەتـــــــکردنەوە

## بەشی سێیەم / ڕەتکردنەوە

ڕەتکردنەوە لەڕووی زاراوەوە بریتییە لە وازهێنان[١] بەدوادان[٢] یان نەکردن [٣]لەلایەن (جیتل ال[٤] و ئەوانی تر) ڕەتکردنەوە بریتی یە لە کردەی وەڵام کە بەو هۆیەوە قسەکەر(نێرەر) نکۆڵی بۆئەنجامدان یان تێوەگلان لە کارێك دەکات کە پێشنیارکراوە لە لایەن گوێگرەوە،و بە پشت بەستن بەم پێناسەیە دەتوانرێ بگوترێ کە وا ڕەتکردنەوە بریتی یە لە کردەیەکی قسەیی جیهانی و بەکاردێت بۆ دەربرین یان پیشاندانی ڕازی نەبوون،بە جۆرێك کەسەکان دەتوانن داواکردن،دعوەتەکردن...هتد ڕەت بکەنەوە.گوتنی (نا)لە خودی وەڵامەکە گرنگترە بۆ کەسی داواکار.هەر بۆیە  چۆنیەتی ناردن و وەرگرتنەوە پەیامی"نا"پێویستی بە شارەزای زۆرە ڕەتکردنەوەکان بەکردەی هەڕەشە لە سومعە"Face Threatening act" لە کردە قسەییەکان دادەنرێت.چونکە قسەکەر بۆ گەیشتن بەمەبەستی خۆی، هێزیخۆی بەسەر گوێگردا دەسەپێنێ و کردە قسەیی داواکردنیش بە پێی تیۆری ڕێزداری (براون ولیڤنسۆن١٩٧٨) یەکێکە لە کردە قسەییەکانی هەڕەشە لە سومعە".هەر بۆیە بۆ دامەزراندنی پیوەندییەکیسەرکەوتوو،پێویستە "سومعە" بپارێزرێ و داواکەش لەڕووی کۆمەڵایەتیەوەلۆژیکی و عەقڵانی بێت. بۆئەوەی داواکەی ڕەت نەکرێتەوە و سومعەی بپارێزرێ.

سێرل ٌو ڤاندێرڤکین[٥] بەم شێوەیە پێناسەی ڕەتکردنەوە دەکەن:"خاڵی بەرانبەری پەسندکردن و ڕازی بوونی ڕەتکردنەوەکانن.هاوکات کە کەسێك دەتوانی پێشنییار،داوا وبانگێشتێك پەسند دەکات،دەشتوانی ڕەتی بکاتەوە و پەسندی نەکات".

---

(١) أبو الفضل جمال الدين ٢٠٠٣: ١٩١

(٢) بدران ئەحمەد حەبیب،٢٠٠٢: ٦٥

(٣) نوری تاڵەبانی٢٠١٤: ١٧٦

(٤)Chen,x,yel,L.1995:121

(٥)Searl,R.J.&Vanderveken,D.1985:195

### تەوەرەی یەکەم :

### کردەی قسەی ڕەتکردنەوە

ڕەتکردنەوەکان ، وەکو کردەی قسەیی، لە هەموو زمانێکدا دەردەکەون و بەکاردێن، بەڵام لە بەر بوونی جیاوازی کەلتوری و زمانی بەرێگای جیاواز دەردەبردرێن.جێگای سەرنجە کەوا کردەی قسەیی ڕەتکردنەوە هونەری تایبەت بەخۆی هەبێت واتا ئاخێوەر پێویستی بە شارەزایی ولێهاتوویی تەواو هەیە تا کردەی ڕەتکردنەوە بەسەرکەوتوویی ئەنجام بدات[١] لەبەرئەوەی ڕەتکردنەوە زۆر هەستیارە بۆیە  هەر ڕۆچونێك لەم کارەدا رووبدات  ئەوا دەبێتە هۆی  نەگەیاندنی پەیام  و مەبەست

یان توڕە بوون، بریندار کردن یان ڕووشکاندنی کەسی بەرامبەر. بۆیە گرینگە کەوا ئاخێوەران زانیاریان هەبێت بۆ ئەوەی بزانن کەی و لە کوێ ڕەتکردنەوەی گونجاو هەڵدەبژێرن.
لەبەر ئەوەی ڕەتکردنەوە کردەیەکی ڕووشکاندن یان ڕوومەندی تێدایە کەرووبەرووی داواکار دەبێتەوەنەك گوێگر[٢]".دیسانەوە لەبەر ئەوەی لە کاتی ڕوودانی ڕەتکردنەوەدا پێشبینیەکان پێچەوانە دەبنەوە، بۆیە بۆ تێگەیشتن لێیان ئاخێوەران پێویستیان بە زانیاری و ئاستێکی بەرزی پراگماتیکی هەیە [٣]..
کردەی قسەیی ڕەتکردنەوە کاتێك ڕوودەدات کە گوێگر بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ دەڵێت "نا" بۆ داوایەك یان دعوەتێك یان هتد.کەواتە کردەی قسەی ڕەتکردنەوە بە شێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ ڕوودەدات [٤].

---

(1)Chen,x,yel,L.1995:121
(٢) Allan,K. 1997:66
(٣) Houck, N., & Gass, S. M. 1995:2
(٤)Searl,R.J.&Vanderveken,D.1985:195

## ستراتیژیەتی ڕەتکردنەوە

کردەکانی ڕەتکردنەوە پشت دەبەستن بە پۆلین کردنەکانی (بیب) و هاورێکانی کە ستراتیژی ڕاستەوخۆ و نا ڕاستەوخۆ دەگرێتەوە[١]:

## ١/ستراتیژی ڕاستەوخۆ

لە ستراتیژی ڕاستەوخۆدا واتای ڕستەکە بەستراوەتەوەبە واتای ووشەکان بە شێوەیەکی ئاشکرا دوورە لە لێڵی یاخود تەم و مژ.
أ/کاری ڕاپەڕاندن :
(ڕەتی دەکەمەوە...) هەموو ئەو کارانە دەگرێتەوە کە قسەکەر دەریدەبڕێت بۆ ئەوەی کارێك ئەنجام بدات.[٢]بۆ نموونە:
-ئەو بۆ چوونەی تۆ بە هەموو شێوەیەك ڕەت دەکەمەوە.

ب/دەربڕینە جێبەجێ نەکراوەکان:
١-"نا"
A/نرخی بلیتی فرۆکە چەندە؟

B/نزیکەی دوو هەزار دۆلارە.
A/ نانا.

(١) Beeb,L.M,Takahashi1990:55

(٢)قەیس کاکل تۆفیق ١٩٩٥: ٦٣

٢-حەزی نەرێنی:
(ناتوانم، من توانام نییە...)
ناتوانم کتێبەکە بکڕم.
لەم نموونانەی سەرەوە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە کردەی قسەیی ڕەتکردنەوە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆجێبە جێ دەکەن وهیچ شتێکی شاراوەی تێدا بەدی ناکرێت.

## ٢/ستراتیژی ناڕاستەوخۆ[١]

کاتێك گوێگر داواکاریەك ڕەتدەکاتەوە یان ڕازی نابیت لەگەڵ ڕاو بۆچوونەکانی کەسی بەرامبەر یان حەز دەکات بیرو ڕای خۆی دەربېڕیت، ئەوا دەبێت زۆر بەئاگابیت لەو شێوازانەی کە بەکاریان دەهێنێت، چونکە شێوازی گونجاوی بەکارهێنانی زمان، بریتی نییە لە دەربڕینی ڕاستەوخۆی پەیامەکە ،بەڵکو هەندێك جار دەبێت هۆکارەکانی ڕەتکردنەوەکەی لەگەڵدا بێت.واتا قسەکەر شێوازی ناڕاستەوخۆی بەکاردەهێنێت بۆ ڕەتکردنەوەی داوایەك بۆ ئەوەی هەستی هەردوو لا پارێزراوبێ .[٢]

### ا/پۆزش

(باوەڕ بکەم ،وا هەست دەکەم ،داوای لێبوردن دەکەم،هەست بەشەرمەزاری دەکەم) مەبەست لێرەدا دەربڕینی هەستێکە کە لەناخی قسەکەر هەڵدەقولێت [٣].بۆ نموونە:
قسەکەر/بۆچی نەچین گەشتێك بکەین وئەو پارەی هەمانە سەرفی بکەین؟
گوێگر/ببورە دەرسم هەیە.

(١)Beeb,L.M,Takahashi1990: 73
(٢)Brown, P., & S. Levinson 1987:68-70

(٣) قەیس کاکل تۆفیق١٩٩٥: ٥٩

لەم جۆرە ڕستەیە وا دەردەکەوێت کە بریتی یە لە پێشنیارێك بۆ ئەوەی بچن گەشتێك بکەن و ئەو پارەی هەیانە سەرفی بکەن، لە وەڵامی " ب" گوێگر کردەی هەست دەربڕین جێ بەجێ دەکات چونکە هەستی "لێبوردن" نیشان دەدات کە لە ناخیدا پەنگی خواردۆتەوە ،کەواتە ڕەتکردنەوەیە بەڵام بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ.
کاتێك کە قسەکەر هەوڵدەدات کردەی ڕاستەوخۆی کەم بکاتەوە پەنا دەباتە بەر ئەم جۆرە ئاخاوتنانە .بۆ نموونە، کاتێك واتای پراگماتیکی ئەم دەربڕینە نایەم دەرسم هەیە لێکدەدەینەوە

،ئەوا گوێگر هەوڵ دەدات کاریگەریی ڕاستەوخۆی نەهێڵێت، واتە شێوازێکی ڕێز بۆ خەڵك بهێڵێتەوە ئەوا ئەم شێوازەی گوتن بەکاردێنێ بە گواستنەوەی قسەکانی لە ڕاستەوخۆ بۆ ناڕاستەوخۆ ودەڵێت: "ببورە دەرسم هەیە".

وەڵامی دووەم تەنیا بریتییە لە دەربرینی ڕاستی ،بەڵام لە بارودۆخی تایبەتدا، واتا لێوەرگیراوەکەی بریتییە لە ڕەتکردنەوە، کاتێك دەڵێت "دەرسم هەیە" واتە "کاتم نیە لەگەڵت بێم".

## ب/بیانوو هۆکار، روونکردنەوە

أ/خانووەکە بکڕە

ب/بەڵام ئەوەندە پارەم نیە.

لەم گوتنەدا (قسەکەر) (نێرەر) فەرمان بە وەرگر دەکات بەکرینی خانووەکە، بەڵام گوێگر ڕەتی دەکاتەوە ،بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بە بیانوی ئەوەی کە لە توانای دارایی ئەو دانیە بەم جۆرە بۆ گوێگری ڕوون کردووتەوە.

## ج/هێزی ڕەوانبێژی

- لە شەڕێ نیە شیری تیژە.

لە کۆمەڵگای کوردەواریدا ئەم جۆرە پەندی پێشینانە دەبیستری و باوە ، لێرەدا قسەکەر بە شێوەیەکی ڕەوانبێژی وەڵامی کەسی بەرامبەر دەداتەوە. بە مانایەکی تر ، زۆر جار کەسێك قسەدەکات لە بابەتێك شانازی بە خۆیەوە دەکات بەڵام لەڕاستیدا وانیە ،کەواتە قسەکەر بە شێوەی توانج قسە دەکات و واتای ووشەی لێرەدا مەبەست نیە ،بەڵکو واتا ناڕاستەوخۆیەکەی مەبەستە. ئەمەش پشت بە دەوروبەر دەبەستێت .کەواتە، گوێگر دوای بیرکردنەوە مانا مەبەستدارە ڕەوانبێژیەکە بەرهەم دەهێنێت.

## د/بەرگری لە خۆکردن

-تۆ ئەبوایە بهاتبایتە پۆل.

مامۆستایەك بەرامبەر قوتابیەکەی ئەم وتەیە دەردەبڕێت ، لێرەدا مامۆستایەکە بەجۆرێك بەرگری لە خۆی دەکات و داواکەی بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ڕەت دەکاتەوە، کاتێك قوتابی داوا لە مامۆستاکەی دەکات کە وانەکەی بۆ دووبارە بکاتەوە کە تێینەگەیشتووە ،ڕەتکردنەوەیە. بەڵام ڕەتکردنەوەکەی واتای ئامۆژگاری نا گەیەنێت کە گوێگر نەهاتووەتە پۆل، بە ڵکو کردەی گلەیی کردن جێبەجێ دەکات.

### ه/ڕەخنەگرتن

بەڕاستی بیرۆکەیەکی بێ مانایە.

دووقوتابی زانکۆ، قوتابی یەکەم(قسەکەر) بیرۆکەیەکی بۆهاتووە بۆ پشووەکانی ئادارونەورۆز.بە هاورێیەکەی دەڵێت :هەردووکمان بەیەکەوە بەیانییەکەی دەچینە بازار ، دوای نیوەرۆش یاری تۆپێن ئەنجام دەدەین. بەڵام قوتابی دووەم(گوێگر)،داواکەی بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ڕەتدەکاتەوە ودەڵێت فکرەیەکی بێ مانایە.کەواتە، ئەم دەربڕینە کردەی ڕەخنەگرتن و ڕازی نەبوون بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ جێبەجێ دەکات.

### و/ جێگرەوە هێنانەوە

لە کۆمەڵگای کوردەواریدا زۆرجار ڕوونکردنەوە دەبێتە شێوازی ڕەتکردنەوە و بە ناڕاستەوخۆ زانیارییەکی تەواو بە نێرەر دەبەخشێت. هەروەها لای تاکی کورد بە شێوەیەکی گشتی لە کاتی ڕەتکردنەوەی داوەتدا بۆ وەڵامەکەی جێگرەوەیەك دەهێنێتەوە:-

أ/ سلاو، ڕۆژێ پێش نەوروز وەرە هەولێر ، بۆ بەیانییەکەی دەچین بۆ سەیرانگای هەنارە، ئاهەنگیك هەیە ،حەز دەکەم داوەتی ئێمە بی.

ب/سوپاس بۆمان ناکرێت، چونکە پێش نەورۆز حەزمان لە لای خۆمانە.

أ/ئەی کەواتە ئێمە بۆ نەوروز دەمانەوێت بێینە مەهاباد ،داوەتی ئێوە دەبین، چی دەڵێن؟

ب/ لە خزمەتداین، بەڵام دوای رۆژی یەکەم ، چونکە ئێمە بەتەنها نین.

### پ/پرانسیپ

-من حەز بە قوتابی تەمبەڵ ناکەم کە حەزیان لە شتی ئاسانە.

ئەم گوتنە لە لای مامۆستاوە بەرامبەر بە قوتابییەکانی دەربڕاوە ، لە کاتێك دابوو کە قوتابییەکانی داوایان لە مامۆستاکەیان کردووە کەوا پرسیارەکانیان ئاسان بێت. مامۆستاکەیان داواکەیان بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ڕەت دەکاتەوە.

### ل/ هێرش کردن

-خۆت بەچی دەزانی؟

ئەم دەربرینە لە لایەن کەسێکەوە بۆ کەسی بەرامبەرە دەردەبرێ، چونکە کەسی بەرامبەری خۆی وا دەردەخات کە ئازایەو بەهێزە .لەو کاتەدا کەسەکەی دی لێی تورە دەبێت هێرش دەکاتە سەری. ئەم وتەیە دەردەبڕێ کەشێوەی پرسیار لەخۆ دەگرێت ، بەڵام لە ڕووی کردەی قسەییەوە مەبەستی تری هەیە. بەواتایەکی تر ، قسەکەر خۆی بە دەسەڵاتدار دەزانێت بە چاوێکی کەم سەیری بەرامبەرەکەی

دەكات كە پێی دەڵێت " خۆت بەچی دەزانی " ،واتە تۆ بۆخۆت پێت وایە شتێكی باشی لای من هیچ بەهایەكت نیە. كەواتە كردەی هەڕەشە جێبەجێ دەكات.

**ك/ڕازی بوونە، بەڵام ئەركی ڕەتكردنەوە دەگەیەنێت، بەكارهێنانی (بەڵام)ی لەگەڵدایە**

أ/ بەیارمەتیت با بچینە چاڤی لاند لە سلیمانیە، و چەندین یاری سەرنج ڕاكێشی تێدایە.

ب/ڕاستە چاڤی لاند چەندین یاری جۆراو جۆری تێدایە ،بەڵام لەوانەیە تۆ كاتی ئەوەت نەبێت هەموو یارییەكان ئەنجام بدەیت . بۆیە من پێم باشە هەر لە هەولێر بین و نەچین بۆ ئەوێ.

لەم جۆرە گوتنەدا نێرەر شێوازێكی ناڕاستەوخۆی لە ڕێزگرتنەكەیدا بەكارهێناوە ،و وەرگری ئازاد كردووە لەوەڵامدانەوەكەی (أ)وای لە (ب) نەكردووەكە بە زۆری داوەتەكەی قبوول بكات و شێوازی هەڵبژاردن و قبوڵكردنەكەی داوەتە دەست(ب) كە خۆی بڕیار بدات ، وەرگریش لە ڕێگەی دەربڕینی" پێم باشە" یاخود لە ڕێگەی جەخت خستنە سەر (هەولێر) وەك ئاماژەیەك وەڵامی نەرێنی داوەتەوە بە بێ ئەوەی پەیوەندی نێوانیان دووربكەوێتەوە، شێوازی ڕێزگرتنی بەكارهێنراوە و پارێزراوە.

**ز/ مەرج**

أ/بەیانی دەبێت زوو بێی باشە؟

ب/ئەگەر پەلەتە ،دەتوانی بە تەنها بڕۆی.

لێرەدا قسەكەر داواكەی بە شێوەی مەرج ئاراستەی كەسی گوێگر دەكات،بەڵام گوێگر بە شێوەیەكی ناڕاستەوخۆ ڕەتی دەكاتەوە .

**ر/ نوكتەكردن**

أ/شەو بە فرۆكە بڕۆین؟

ب/تۆ دەتەوێ بە فرۆكە بڕۆی وانیە؟

كەواتە پارەی ئێمەش دەدەی.

لەم گوتنەدا قسەكەر داوا لە گوێگر دەكات بۆ ئەوەی ڕۆیشتنەكەیان بە فرۆكە بێت لە كاتی شەودا، بەڵام گوێگر داواكەی وەك نوكتەیەك دووبارە پێی دەڵێتەوە و جەختی لەسەر دەكاتەوە هەر بەهەمان شێوەش داوای پێدانی پارەی گەشتەكەی لیێ دەكات ، ئەمەش خۆی لەخۆیدا ڕەتكردنەوەیەكی ناڕاستەوخۆیە بۆ قسەكەر چونكە قسەكەر پارەی ئەوان نادات.

**س/پۆزش**

-داوای لێبوردنت لێ دەكەم خۆزگە دەمتوانی یارمەتیت بدەم.

کەسەکە لەم گوتنەدا پۆزش دەهێنێتەوە بۆ کەسی بەرامبەر کە داوای یارمەتی لێکردووە ، واتا بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ داواکەی ڕەت دەکاتەوە ،ئەمەش بۆ پاراستنی ڕێز و ڕوومەندی هەردوولایە.

## ش/ ڕازی بوون لە داهاتوودا

-من دەتوانم یارمەتیت بدەم لە دوای تاقی کردنەوە

ئەم دەربڕینە وا دەردەکەوێت کە قسەکەر داوای گوێگر ڕەت دەکاتەوە لەو کات و ساتەی لێی داواکراوە ،بەلأم لەداهاتوودا لەوانەیە ڕازی ببێ.

ئەم ڕستەیە وەك ڕەتکردنەوەی ڕاستەوخۆ دەردەکەوێت، بەلأم دەبێت پۆلین بکرێت بەگوێرەی "بیب "وەکو پەیمانی ڕازی بوون لە داهاتوودا .[1]

---

(1)Beeb,L.M,Takahashi1990: 72

هەروەها ڕەت کردنەوەی بە درۆ لە زمانی کوردیدا بەکاردێت بۆ مەبەستی ڕەتکردنەوەی بەخشین، دعوەت، پێشنیار، ئەمەش وەك شێوازێکی ڕێز بەکاردێت. بە مانایەکی تر ڕەتکردنەوەی بەدرۆ مانای ئەوەیە یەکەم جار تۆ شتێك ڕەت دەکەیتەوە و چاوەڕێی ئەوە دەکەیت کەسی بەرامبەر پێ داگری بکات بۆ ئەوەی لە دواییدا ڕازی بیت.[1]

## <u>ڕەتکردنەوە کاتێك قسەکەرپلەو پایەی نزمترە لە گوێگر</u>

کاتێك مامۆستایەك داوەتی قوتابیەك بۆ نانی نیوەڕۆ ڕەت دەکاتەوە، بە یەکێك لەم شێوازانەی خوارەوە دەبێت:

١-سوپاس ، ناتوانم

سوپاس+توانای نەرێنی

٢-ناکرێ ئامادەبم، سوپاست دەکەم، بەلأم..

سوپاس+ ئامادەبوونی نەرێنی

٣-سوپاس، ناکرێ ، پێویست بەمەناکات.

سوپاس+توانای نەرێنی +رای ئەرێنی

٤-ببورە، ئیمرۆ ناتوانم، کارێکی زۆرم لەسەر کۆبۆتەوە، دەبێت ئەنجامیان بدەم.

سوپاس+هۆکار

لەم نموونانەی سەرەوەدا، ئەوەمان بۆ روون دەبێتە کە گوێگر داوەتەکە ڕەتدەکاتەوە ، و شێوازێکی ڕێزگرتنی تیادا بەکارهێناوە و پۆزش بۆ قسەکانی بەم دەربڕینانە دەهێنێتەوە:

---

(١) Lili2008:70

-"ببوره "، "ناتوانم " (ڕێزگرتن بە شێوەیەکی سەرەکی بەکردەی قسەی ناراستەوخۆوە بەندە و پەیوەندی نێوانیان ڕاستەوخۆیە بەمەش هێزی کردە قسەییەکە ناراستەوخۆ کاریگەری و پلەی ڕێزگرتنەکە دەخاتەروو."هێزی کردە قسەیی ناڕاستەوخۆ ئەو واتایەی ، کە قسەکەر دەیەوێت بگوازێتەوە لە ڕێگەی جێبەجێ کردنی کردەیەکی نافۆرمی دەیگەیەنێت).[1] هەروەها (کالیس )دەڵێت:"هەندێك ئامرازی پیوەندیکردن هەن ، وەکو نەرمکەرەوە کاردەکەن و توندی دەربرینەکانی قسەکەر کەمدەکەنەوە و ڕووی گوێگریش دەپارێزن. ئەو ئامرازانە چڕی ناڕازیبوونەکان کەمدەکەنەوە،[2] (لەدەربرینی (٤)دا لە ڕەتکردنەوەی داوەتەکە هەست بە فەرزکردنی بەرانبەرەکەی ناکرێت(ببورە، ئیمرۆ ناتوانم، کارێکی زۆرم لەسەر کۆبۆتەوە، دەبێت ئەنجامیان بدەم) .بەلأم ئەگەر لە وەلأمەکەی بیگوتایە:-

**-نابێت، بۆ نازانیت ، ئیمرۆ ناتوانم و کارێکی زۆرم لەسەر کۆبۆتەوە هەردەبێ ئەنجامیان بدەم**

لەم حاڵەتەدا قسەکەربە شێوازی دەربرینی (هەردەبێ) بۆچوونەکانی خۆی بەسەر بەرانبەرەکەیدا فەرز دەکات و ماوەی ڕێزگرتنی نێوانیانی کەم دەکاتەوە.

## کاتێك کە داوەتکارو داوەتکراو لە پلە و پایەدا یەکسان دەبن

لەم حاڵەتەدا ، قسەکەرو گوێگر هەمان پێگەی کۆمەلأیەتییان هەیە(هەمان دەسەلأتیان هەیە، قسەکەرانی کورد بەگشتی ئەم شێوازانەی خوارەوە بەکاردەهێنن کاتێك کە داوەتی هاورێیەکەی ڕەت دەکاتەوە بۆ خواردنی نانی نیوەڕۆ سەیری ئەم نموونانە بکە:

١-دایکم نەخۆشە، دەبێ سەردانی بکەم ، بۆ یە ناتوانم.

هۆکار+ڕوون کردنەوە+توانای نەرێنی.

(١) ئاڤێستا کەمال مەحموود2006 : ١٤٨.

(٢) callies2009:146

٢-زۆر م پێخۆشە، بەلأم من رجیم دەکەم.

ڕای ئەرێنی+هۆکار.

٣-بەیانی تاقیکردنەوەم هەیە، بۆ یە دەبێت بخوێنم.

هۆکار+ڕوونکردنەوە.

٤-من باش نیم، با بۆ جارێکی تر بێت.

هۆکار+ڕازی بوون لە داهاتوودا.

لەو نموونانەی سەرەوەدا، ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە ، کە هەریەك لە بەشداربووان هەوڵ دەدات کە داوایەکە ڕەت بکاتەوە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ [1] ، لەم جۆرە گوتنانەدا ئامانجی گوتنەکە لە مەبەستی گوتنەکەدا بە دەست ناهێنرێت)[2] کەواتە لە دەربرینی ناڕاستەوخۆ دا مانایەك بەدەست دێت، جیاوازە لە واتای وشەکانی. ئەمەش ،بە مەبەستی پاراستنی ڕێزە وپاراستنی ڕوومەندی ئاخێوەران .[3] کاتێك کە قسەکەر نایەوێت بەرامبەرەکەی لەدەست بدات. ئەوەی شایەنی ئاماژەیە ئەوەیە کە داوەتکارەکان زۆر بە وریایی و بەرێزەوە پەیامەکەیان دەگوازنەوە لە ڕێگای بەکارهێنانی ستراتیژی ناڕاستەوخۆوە[4].

لە دەرئەنجامدا ئەوە تێبینی دەکەین کە هەریەك لە بەشداربووان هۆکارێکی گونجاو دەخاتە ڕوو، بۆ ڕەتکردنەوەکەی

أ/"دایکم نەخۆشە".

---

(١)Zhang and hua2009:101

(٢) زیبیلە کریمر٢٠١١: ١٩

(٣)Yule,G. 1996:25

(٤)Zhang and hua2009:100

ب/"من پارێزی دەکەم".

ج/ "بەیانی تاقیکردنەوەم هەیە ".

د/"من باش نیم".

## کاتێك کە داوەتکراو لە پلە و پایەکی نزمترە

لە کەڵتوری کوردەواریدا ، کاتێك کە قوتابی یەك داوەتی مامۆستایەك ڕەت دەکاتەوە بۆ خواردنی نانی نیوەڕۆ، دەتوانرێ یەکێك لەم شێوازانەی بەکاربهێنێت:

١-زۆر سوپاس مامۆستا گیان ، من باش نیم

سوپاس+نیشانەی کار +هۆکار+داوای لێبوردن

٢-ببورە مامۆستا گیان، من لەگەڵ هاورێکانم نەم خوێندوە ئەم شەو. سوپاس بۆ داوەتەکەت

پەشیمانی+نیشانەی کار+هۆکار+ پۆزش.

٣-سوپاست دەکەم،خۆزگە بتوانم،بەڵام دەچم بۆ سلیمانی ببورە.

سوپاس+خۆزگە+بیانو+ببورە

٤-مامۆستا گیان، داوای لێبوردن دەکەم ،ناتوانم ، کاری زۆرم هەیە ،دەبێت بیکەم، با بۆ جارێکی تر بێت.

نیشانەی کار+سوپاس+ببورە+هۆکار+داوای لیبوردن

لە ڕەتکردنەوەی کەسی پلەو پایەی نزم بێت ، زۆربەی ئەو کەسانەی ڕەتی دەکەنەوە ئەم دەربڕینانە بەکاردەهێنن :" توانایی نەرێنی ، سوپاس بەدوای ئەو بیانو دێت لەگەڵ ئەمانەشدا تەنها یەکێکیان حەز دەکات ستراتیژی ناڕاستەوخۆ بەکار بهێنێت کە ڕەتکردنەوەکەی بە سوپاس دەست پێدەکات و لە دوایدا هۆکار دەخاتە ڕوو، بەڵام ئەوانی تر هەوڵیان داوە ستراتیژی ڕاستەوخۆ بەکاربهێنن بە بەکارهێنانی توانا یان حەزی نەرێنی . هەروەك چۆن نیلسۆن و ئەوانی تر ئاماژە بەم سترانیژیە ڕاستەوخۆیە دەکەن بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا[1].

بە گوێرەی ئەم نموونانەی سەرەوە ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە کە قوتابی کورد هـــــــەوڵ دەدات "سوپاس" و "ببورە "لە ڕەتکردنەوەدا بەکار بهێنێت، بەڵام لە شوێنی جیاوازدا یان لە سەرەتا یان لەناوەڕاست یان لە کۆتایی قسەکردندا ، بەکارهێنانی دەربڕینی "داوای لێبوردن دەکەم "، "ببورە"،بە مەبەستی کەم کردنەوەی ڕووشکێنی بەرامبەرە، هەروەها بەکارهێنانی دەربرینی خۆزگە(خۆزگە بم توانیایە) کە ئەمەش دەبێتە هۆی کەم کردنەوەی هێزی ڕووبەرو بوونەوەی بەرامبەر .کەواتە تاکی کورد زۆر وریایە لە بەکارهێنانی وشەی "مامۆستا گیان ".کەواتە، لە کلتوری کوردەواریدا هەندێك نیشانە بەکاردێت وەك (کاکە، خاڵە، مامە، دکتۆر، مامۆستا، وەستا، پورێ..) ئەم نیشانانە لە بەکارهێناندا نرخ و ڕێز لە پێوەندیکردندا دەبەخشێ. بەڵام بەکارنەهێنانیان بۆ کەسی بەرامبەر بێڕێزی دەگەیەنێت.کەواتە، بەکارهێنانی "مامۆستا گیان" بۆ دەرخستنی ڕێز و ڕوومەندی گوێگر و مانەوەی پەیوەندییەکانە.

بۆ نموونە:

أ/با بچین بۆ پارك دوای نیوەڕۆ.

ب/دەبێت بخوێنم بەیانی تاقیکردنەوەم هەیە.

ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە ئایا چۆن"أ" بۆی دەرکەوت کە "ب" داواکەی ڕەتکردۆتەوە، یان چۆن "ب"زانی کە "أ" لە واتای رەتکردنەوەی داوەتەکە تێگەیشتووە.

لێرەدا ئەو پەیوەندییەی کە لە نێوان "أ" و"ب"دا ڕووی داوە دەتوانرێت بەم هەنگاوانەی خوارەوە ڕوونبکرێتەوە :-

١-وەڵامی کۆتایی بۆ داوەتکردنی "ب"لە لایەن "أ"یەوە بریتیە لە (پێداچوونەوەی بەیانی بۆ تاقیکردنەوە).

---

(١)Nelson et al2002:40

٢-وادانراوە کە"أ"لەگەڵ "ب"دا لە گوتنەکەدا هاوڕایە.

٣-لە وانەیە وەڵامی "ب"بریتی بێت لە وەڵامی کورت بڕی...ڕەتکردنەوە، پێچەوانەی یان بەردەوامی لە گفتوگۆ بگەیەنێت.

٤-دەکرێت وەڵامەکەی هیچ لەو واتایانەی باس کران نەگەیەنێت و واتاکەشی لە شوێنی مەبەست نەبێت.

٥-مەبەستی سەرەکی لە ئاخاوتنەکە پێچەوانەی مەبەستە لاوەکیەکەیە، چونکە حەز دەکات زیاتر لە گوتەیەك بدرکێنێت.

٦- "ب" زانیوویەتی کە پێداچوونەوەی تاقیکردنەوە چەند شەوێکی دەوێت لە هەمان کاتیشدا چوون بۆ پارك لە هەمان ماوەدا دەبێت.

٧- "ب" ناتوانێت لە یەك کاتدا بخوێنێت و بۆ پارك بچێت.

٨-یەکێك لە مەرجەکانی قبوڵکردنی داوەتە کە بریتیە لە ئەنجامدانی ئەو کردەیە.

٩-کەواتە پێویستە داوەتەکە ڕەت بکرێتەوە.

١٠-مەبەستی سەرەکیش هەر ڕەتکردنەوەی داوەتەکە بووە.

کەواتە، وەرگر داوەتەکە ڕەت دەکاتەوە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بە بەکارهێنانی ڕێز بۆ ئەوەی رووی بەرامبەرەکەی نەشکێنێت

هەرچەندە بەکارهێنانی گوتنەکە ناڕاستەوخۆ بێت ،ئەوا ڕێزگرتنەکە زیاتر دەبێت).[١] هەروەها لە گوتندا زیاتر گرینگی بە بنەمای ڕێزگرتن دەدرێت چونکە لیچ دەڵێت:"پێویستە نێرەر ئەو پەیوەندییەی نێوان خۆی و وەرگر بپارێزێت یان ئەو پەیوەندییە خۆشەویستی و هاورێیەتیەی کە

---

(١) Leech, G1983:124-195

لە نێوانیان دا نەبوو ، دەبێت دروستی بکات[١].

## تەوەرەی دووەم: ڕەتکردنەوەو هۆکاری کۆمەڵایەتی

بێگومان شێوازی ڕەتکردنەوە دەگۆڕێت لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر تەنانەت یەك زمانیش بەکار بهێنن هەروەك "نیگۆ" ئاماژە بە هۆکارە کۆمەڵایەتیەکان دەدات و دەڵێت:" هۆکاری کۆمەڵایەتی کاردەکاتە سەر شێوازی دەربرینە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆکان ".[٢]

بۆ ڕوونکردنەوەی ئەمەش (١٠ )هۆکار دەخاتە ڕوو کە وا لە قسەکەر دەکەن کە شێوازی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بگرێتەبەر لە کاتی ڕەتکردنەوەی داواکاری لەئاخاوتندا.

### ١-تەمەن

تەمەنی مرۆڤ کاریگەری ڕاستەوخۆی بۆ بەکارهێنانی زمانی ئاخاوتن هەیە. بەتێپەڕبوونی تەمەن زمانیش دەگۆڕێت، لەبەرئەوەی هەر تەمەنێك لەوی تر جیاوازە و هەڵومەرجی زمانی خۆی هەیە، کەسانی پیر وادەردەکەون کە زیاتر شێوازی ناڕاستەوخۆ بەکاربهێنن وەك لە گەنجان[٣].

ئامرازەکانی وەرگرتنی زمان لای مرۆڤ پەرە دەسێنێ، لەگەڵ پەرەسەندنی ئەم قۆناغانەدا زمانی تاکەکەسی هەمە جۆر دەبێ، بۆ نموونە هەریەك لە ئێمە لە منداڵیماندا بە زمانێك دەدوایین جیاواز لە زمانی گەنجیمان. زمانی سەردەمی گەنجیمان جیاواز لە زمانی ئاخاوتنی سەردەمی پیریمان[٤].

(١) عبد الهادي الشهري ٢٠٠٤: ٣٣٤.

(٢)Nguyen,T.M.P.2006:13

(٣) ئارام عەبدولواحد حەمە ڕەشید مەعروف، ٢٠١٣: ٢٠٨

(٤) عبده الراجحی2013: ٨٠.

بۆ نموونە منداڵان ڕاستەوخۆ ، قسە دەکەن چونکە هێشتا مێشکیان بەو شێوەیە گەشەی نەکردووە تا بتوانن لە هونەری پراگماتیك تێبگەن، بەڵام کەسانی گەنج یا بەتەمەن دەتوانن ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ قسە بکەن بە گوێرەی بارودۆخی ئاخاوتن.

أ/ئەو بووکەلە بدە من.

ب/منداڵ:نادەم.

نموونەیەکی تر:

أ/باپیرە بچین بۆ پارك؟

ب/چۆکم دێشێ

لەم نموونانەی سەرەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە منداڵەکە ڕاستەوخۆ داواکەی بەرامبەری ڕەتکرووەتەوەبە بێ هیچ پێچ و پەنایەك.لە هەمان کاتدا دەبینین کە پیاوە بە تەمەنەکە داوای ڕۆڵەکەی ڕەتکردووەتەوە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەڵێت" چۆکم دێشێ" : واتە ، نایەم .

## ٢-ڕەگەز

ڕەگەز ڕۆڵی سەرەکی هەیە لە دەربڕاوە زمانییەکانی مرۆڤ،بە تایبەتی شێوازی قسەکردنی ئافرەت . بەگشتی ئەو لێکۆڵینەوانەی لە کەڵتورە جیاوازەکاندا کراون ،دەریدەخەن کە ئافرەتان زیاتر لە پیاوان ناڕاستەوخۆ تر مامەڵە دەکەن[١].بەڵام ئافرەت بەشێوەیەکی گشتی دەیەوێت بیرەکانی بە ناسکی بە ناڕاستەوخۆ دەربڕێ . لەکاتی ڕەتکردنەوەی داواکارییەکاندا نایەوێت کەسی بەرامبەر بریندار بکات[٢]. هەمە جۆری زمانەوانی پەیوەندی هەیە بە پێوەری ڕەگەزەوە، یەکێك لەوانەی کە گومانی لە بارەیەوەنیە، بوونی زمانی پیاوان و زمانی ژنانە. ڕوونە کە ئافرەتان کاتێك بەیەك دەگەن

(١) مەحەمەد مەعروف فەتاح ٢٠١٠: ٩٢
(٢) هەمان سەرچاوە: ٩٣.

بە زمانێك دەدوێن جیاواز لە زمانی نێوان پیاوان، وەك لە زمانی سڵاوكردن وچاكوچۆنی و زمانی رۆژانەو رێكخستنی كارەكان"[١].

بۆیە، دەبینین جیاوازی هەیە لە نێوان زمانی پیاو و زمانی ئافرەت كە هەریەكێكیان فەرهەنگیزمانی تایبەتی خۆی هەیە[٢] كەواتە ،ئافرەت زمانی تایبەتی خۆی هەیە ، تەنانەت لە شێوازی ڕاستەوخۆی و ناراستەخۆیشدا لە كاتی دەربرین دا[٣].

پیاو : با بچین بۆ ماڵی باوكم.

ژن: نەخۆشم.

لێرەدا ژنەكە بە شێوەیەكی ناڕاستەوخۆ بە پیاوەكەی دەڵێت " نەخۆشم" بۆ هێشتنەوەی ڕێز بۆ پیاوەكەی بۆ ئەوەی لێی توورە نەبێت.

## ٣-باری دەروونی

لە كاتی تورەییدا خەڵك زیاتر هەوڵدەدەن شێوازی ناڕاستەوخۆ بەكاربهێنن لە دەربڕیندا.

أ/با بچین بۆ چێشتخانە.

ب/ برسیم نیە.

## ٤-كارو پیشە

زمان ڕەنگدانەوەی كەسیەتی و پیشە و ڕۆشنبیری مرۆڤە ، كەواتە هەر چینێك شێوازی دەر بڕینی

---

(١) علی عبدالواحد وافی ١٩٨٣: ١٣٥.
(٢)نور الهدى لوشن٢٠٠٧: ٦٥.
(٣)علی عبدالواحد وافی١٩٨٣: ٥٦.

زمانی جیاوازە بە مانایەكی تر، هەر چین و توێژێكی كۆمەڵ بە پێی جۆری پیشەكەی، زمانی قسەكردنی جیاوازە لە كاتی ڕەتكردنەوەی داواكاندا هەریەكەیان شێوازی تایبەتی خۆی هەیە .[١]

ئەوانەی زانستە كۆمەلأیەتییەكان دەخوێنن، شێوازی ناڕاستەوخۆ بەكاردەهێنن وەك لەوانەی زانستی سروشتی دەخوێنن"فیزیا..."

أ/ سیمنارەكەی من كاری تێكردی؟

ب/ زۆر زەحمەتە كە بتوانی سیمنارێكی باش پێشكەش بكەیت.

لیرەدا بە لایەنی بەرامبەر دەلێیت بە شێوەیەكی ناڕاستەوخۆ كە قسەكردنەكەت زۆر شپرزە بوو ئەمەش بۆ پاراستنی روومەندی ئاخێوەران .

## ٥-كەسایەتی

ئەو خەڵکانەی "کۆمەڵایەتین" بەواتایی "کراوەن" زیاتر شێوازی ڕاستەوخۆی بەکاردەهێنن وەك لە کەسە "داخراوەکان".
لە شێوازی ڕاستەوخۆ دا مرۆڤ هیچ بیانوویەك یان بەرگرییەك نیشان نادات لە کاتی ڕەتکردنەوەی داواکەی بەرامبەری.

## ٦-بابەت

لە هەموو کۆمەڵگایەك کۆمەڵی وشەو بابەت و کردار باسکردن و ناوهێنانیان قەدەغەیە یان بەدەربرینی تر داپۆشراون .[٢] لە کۆمەڵگای کوردەواریشدا کە کۆمەڵگایەکی داخراوە ، بە کارهێنانی

(١ )ئارام عەبدولواحد حەمە ڕەشید مەعروف،٢٠١٣: ٢٦٧

(٢) نایف خرما١٩٧٨:٢٤٥

ئەو بابەت و ووشانە لە لای تاك دەبێتە هۆی هەڵچوون و توڕەیی لە لایی گوێگر. بۆیە لە کاتی ئاخاوتندا کاتێك کە قسەکەر باسی ئەو بابەتانەی کە پەیوەندییان بە شەرم یان نەخۆشی و مردنەوە هەیە دەکات ،ئەوا شێوازی نا ڕاستەوخۆ بەکاردەهێنێ.
پیاوەکە مرد، تووشی جەڵتەبوو؟
بەرامبەر ڕەتی دەکاتەوە :دەڵێت دردە پیسەکەی بوو.
لیرەدا بۆمان روون دەبێتەوە کە ئاخێوەران کاتێك باسی ئەم جۆرە بابەتانە دەکەن کە پەیوەندی بە نە خۆشی یان مردن هەیە ئەو کاتە شێوازی ناڕاستەوخۆ بەکاردەهێنن چونکە ناوهێنانی ئەم جۆرە شتانە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەرامبەر تووشی ترس دەکەن ، بۆیە قسەکەر بۆ کەمکردنەوەی ترس پەنا دەباتە بەر بەکارهێنانی ناڕاستەوخۆ[١].

## ٧-شوێن

کاتێك ئەندامانی خێزان لەگەڵ یەکتری لەماڵەوەن بۆ جێبەجێ کردنی پێداویستییەکانیان زیاتر هەوڵ دەدەن ڕاستەوخۆ بن وەك لەدەرەوە بن.
دایك:کچم نانەکەت بخۆ
کچ:ناخۆم دایە.

## ٨-شوێن و بارودۆخی گفتوگۆ

کاتێك بارودۆخەکە نارەسمی بێت، خەڵك بە شێوەی ڕاستەوخۆ قسە دەکەن. بۆ نموونە ،ئاخاوتن کاتێك لە نێوان ژ ن و مێردا دەکرێت، پڕە لە وشەی خۆشەویستی و بەزەیی، دوورە لە فەرمی[٢]
ژن: چایەکت بۆ تێبکەم ؟

(١)شيلان عوسمان عەبدولرەحمان ٢٠٠٨: ٥٧.
(٢) عبدالنعيم خليل٢٠٠٧: ٨٦

پیاو:ناخۆمەوە گیانەکەم.

ئاخێوەران لە کاتی ئاخاوتندا بە شێوەیەکی نافەرمی قسەدەکەن، شێوازی ناڕاستەوخۆ بەکاردەهێنن .لەم نموونەیەدا پیاوەکە بە شێوەی ڕاستەوخۆ بە ژنەکەی دەلێت" ناخۆمەوە" .هەروەها، لەکاتی دەربرینەکەیدا جۆرێك لە خۆشەویستی بۆ بەرامبەرەکەی نیشان دەدات بە بە کارهێنانی وشەی " گیانەکەم".

## ٩–جیاوازی کۆمەڵایەتی

ئەو کەسانەی کە پەیوەندی بەهێزیان لەگەڵ یەکتریدا هەیە ،زیاتر ڕاستەوخۆ دەبن .

–نایەی بۆ ماڵی ئێمە؟

–ناتوانم سەرم دێشێ

لێرەدا قسەکەر بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ، داواکەی ڕەتکردووەتەوە لەبەر ئەوەی پەیوەندی نێوانیان زۆر بە هێزە

## ١٠–کەمی کات/

کاتێك خەڵکی پەلەیان بێت هەوڵ دەدەن ڕاستەوخۆ لە پەیوەندیدابن.

–مەڕۆ لێرە بمێنەوە

–ناتوانم بمێنمەوە دەرسم هەیە.

لێرەدا قسەکەر بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ وەڵامی گوێگر دەداتەوە کە دەرسی هەیە دەبێت بڕوات بەمانایەکی تر چونکە پەلەیەتی بەڕاستەوخۆ وەڵامەکە ڕەت دەکاتەوە .کەناتوانێ بمێنێتەوە.

# ئەنـــــــجام

## ئەنـــــــجـــــام

لەم لێکۆڵینەوەیەدا توێژەر گەیشتووە بەو ئەنجامانەی خوارەوە:

١-لە کردەی قسەیی داواکردندا، قسەکەری زمانی کوردی لەئاراستەکردنی داواکەیدا ڕەچاوی مەودای کۆمەڵایەتیی نێوان خۆی و بەرانبەرەکەی‌دەکات، کە ئەمەش لە ڕێگای ئەو شارەزاییە پراگماتیکییەوە پەیڕەو دەکات کە لە ڕێگای ناسینی دەوروبەری نازمانیی و کەلتوورییەوە بە دەستی هێناوە.

واتە پێوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی نێوان قسەکەر و گوێگر شێوازەکانی داواکردن دیاری دەکات ،و فۆرمەکن بەتەوای بەستراون بەو دەوروبەرەوە گوتنەکەی تێدا دێتە ئاراوە، لە ڕووی پێوەندییەکانی خزمایەتی ، تەمەن، پلەو پایە و....

٢-لە کردەی قسەیی داواکردندا ، لەو دەووروبەرانەی کە پێوەندی نێوان قسەکەر و گوێگر هاوشان نییە،گوێگر لە ئاستێکی بەرزتردایە لە ڕووی پێگەو دەسەڵات و تەمەنەوە، قسەکەر دەستەواژە پەڕاوێزییەکان لەگەڵ کرۆکی داواکەیدا ئاراستەی گوێگر دەکات بۆ ئەوەی سروشتی داواکەی سووک و نەرمتر بکات. بە داواکەی ڕازی بێت و زۆر جار پێشە ناوە ڕێزدارییەکان(مامۆستا ، کاکە....) وا لە کەڵتووری کوردەواریدا باون بەکاردێنیٚ.

٣-ڕەتکردنەوە کردەی قسەیی ڕوومەندییە،چونکە بۆ پاراستی ڕوومەندی قسەکەر و گوێگر بەکاردێت.

٤-زۆربەی کەسە باڵادەستەکان ستراتیژی ڕاستەوخۆ بەکاردەهێنن لە کاتی ڕەتکردنەوەی داواکاری کەسێك کە لە خۆی نزمتر بێت، کەسی لەپلەی نزمتر بەپێویستی نازانێت کە هۆکارو بیانو بهێنێتەوە بۆ کەسی بەرامبەر تەنیا سوپاس دەردەبڕێت لە دەربرینەکانی وەکو ڕێگایەك بۆ پاراستنی ڕووی کەسی بەرامبەر و نیشاندانی ڕێز بۆیان.

٥- کەسە باڵادەستەکان زۆر بەکەمی داوای لێبوردن بەکاردەهێنن، بەڵام کەسانی نزمتر لە ڕووی پایەو دەسەڵاتەوە کاتێك داوای کەسی بەرامبەر ڕەت دەکەنەوە کە لە خۆیان بەرزترە " داوای لێبوردن،سوپاسگوزاری دەهێننەوە بەڵام ئەگەر لەهەمان ئاست دابوون تەنها هۆکار ، خاڵی ئەرێنی‌بۆ ڕازی بوون لە داهاتوو بەکاردەهێنن.

٦-ئاخێوەران ستراتیژی ناڕاستەوخۆ بەکاردێنن لە کاتی ڕەتکردنەوەی ئەو کەسانەی لە ئاستی خۆیانن یان بەرزترن.

7-زانستی پراگماتیکی زمان وا لە قسەکەران دەکات کە ڕێگای جۆراو جۆر بەکار بهێنن بۆ دەر برینی هەڵوێستێك ، هەر چەندە کەسەکان زیاتر زانیارییان لە سەر زمان هەبیٚ،ئەو کاتە زیاتروور دترودەبن لە سەرهەڵبژاردنی شێوازەکان بۆدەربڕینی بیروڕاکان بەپێی بارودۆخ.

8-لە نێوان داواکردن و ڕەتکردنەوەدا مەودای گەورە هەیە، چونکە بۆ هەریەکێکیان شێوازێك هەیە .

9- ڕەتکردنەوەبە مانا گشتییەکەی بریتییە لەوازهێنان یان نەکردن ، کەواتە ڕەتکردنەوە بە بیٚ هۆ و هەروا نابێت، بەڵکو ڕێگایەکە بۆ گەیشتن بە ئامانج.

10-هەر سەرنەکەوتنێك لە بنەماکانی ڕەت کردنەوەدا ڕوبدات دەبێتە هۆی پەککەوتنی گەیاندن .

11-ئاخێوەران دەتوانن ماناو مەبەستی زیاتر یان جیاواز بە هۆی بەکارهێنانی کردە قسەییەکان بگەیێنن ئەگەر دەورووبەر ڕەچاو بکرێت.

12-ڕەتکردنەوە ڕۆلێکی بەرچاو دەگێرێت لە ئاخاوتنی ڕۆژانەماندا بۆیە پێویستی بە ئاستێکی هۆشیاری و زانینی بەرزە،چونکە هەر سەرنەکەوتنێك لە یاساکانی ڕەتکردنەوە ڕووبدات وا لە ئاخاوتن دەکاتپەیامی خۆی نەگەیەنێت،کە ئەمەش دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی چەند دەرهاویشتەیەکی تر وەك سەرزەنشت کردن تووڕەبوون خەجاڵەت بوون هتد....

# سەرچـــــاوەکان

# ســــەرچاوەکان

## سەرچاوەکان بە زمانی کوردی:


– ئارام عەبدولواحد حەمە ڕەشید مەعروف(٢٠١٣)، ڕێزگرتن لە زمانی کوردیدا لێکۆلینەوەیەکە لە زانستی زمانی کۆمەلاّیەتی، سلیمانی، چاپخانەی لەریا،.

–ئاوات ئەحمەد محەمەد صالح(٢٠٠٧)، شێوازی گوتنی فەرماندان لە زمانی کوردیدا لێکۆلینەوەیەکی پراگماتیکیە، زانکۆی سەلاحەددین.، ماستەر ، کۆلێژی زمان،

–ئاڤێستا کەمال مەحموود(٢٠٠٦)،پراگماتیکی ڕستەی پرسیارو فەرمان لە دیالێکتی کرمانجیی خواروودا، زانکۆی سلێمانی، ماستەر ، کۆلێژی زمان.

–ئەبو بەکر عومەر قادر(١٩٩٣)، پرسیار لە زمانی کوردیدا، زانکۆی سەلاحەددین، ماستەر، کۆلێژی ئاداب

–بدران ئەحمەد حەبیب(٢٠٠٢)،فەرهەنگی زاراوە،چاپخانەی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان،چ١

–تالب حسین عەلی(٢٠١٤) ، زانستی زمان و زمانی کوردی، هەولێر، چاپخانەی رۆژهەلاّت .

–ساجیدە عەبدوڵلا فەرهادی(٢٠١٣) ، هەندێ لایەنی ڕستەسازی زمانی کوردی کۆلێژی زمان ، زانکۆی سەلاّحەددین هەولێر،

–سازان رضا معین (٢٠٠٥)، واتا و دەوروبەر ، زانکۆی سەلاحەددین ،ماستەر،کۆلیژی پەروەردە، ، هەولێر.

–سەباح ڕەشید قادر ،بیری یاسین حسن(٢٠١٣)،ئەدەب وپراگماتیکی فراوان( ماکرۆپراگماتیک)،گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی ،ژمارە(٢٧) هەولێر.

–سەلام ناوخۆش(٢٠٠٤)،زماناسی و هەندێ بابەتی زمانناسی کوردی کۆمەڵە لێکۆلینەوەیەکی زمانناسیە ،هەولێر،لە بلاّوکراوەکانی کتێبخانەی سۆران.

–شیلان عوسمان عەبدولڕەحمان(٢٠٠٨)، کارابوونی زمان لە پێوەندییە کۆمەلاّیەتییەکاندا ،کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی بەغدا.

–عەبدوللاّ حسین(٢٠٠٤) ،پوختەیەکی وردی ڕستەسازی کوردی ، هەولێر ، زانکۆی سەلاّحەددین.

– عەبدولواحید مشیر دزەیی(٢٠٠٥) ،ڕەهەندی دەرونی لە بواری ڕاگەیاندندا،چاپخانەی شهاب، هەولێر.

-عەبدولواحد مشیر دزەیی (٢٠٠٩)،کاریگەری هێز لە پەیوەندی نێوان ئاخێوەراندا، زانکۆ گۆڤاری زانستە مرۆڤایەتیەکانی زانکۆی سەلاٌحەددین هەولێر ژمارە ٤٢، ٢٠٠٩.

-عەبدولواحید مشیر دزەیی(٢٠١٠) ،زانستی پراگماتیک ، هەولێر، چاپخانەی پاك

-عبدە ئەلراجحی(٢٠١٣) ،زمان و زانستەکانی کۆمەڵگا،وەرگێرانی عبدوڵلا گەرمیانی، چ١،چاپخانەی ڕۆژهەلاٌت ، هەولێر

-فاضل نظام الدین(٢٠٠١) ،فەرهەنگی شیرین ،سلیمانی،دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم .

-قیس کاکل تۆفیق(١٩٩٥)، جۆرەکانی ڕستەو تیۆری کردە قسەییەکان، هەولێر،ماستەر،کۆلیژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین.

-قەیس کاکل تۆفیق، کوردستان رفیق محیدین(٢٠١٤)، سروودی ئەی ڕەقیب لێکۆلینەوەیەکی زمانەوانی ، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی ، ژمارە ٣١.

-مەحەمەد مەعروف فەتاح(٢٠١٠) ، کۆکردنەوەی (شێروان حسێن و شێروان میرزا)، لێکۆلینەوە زمانەوانییەکان،هەولێر ، چاپخانەی ڕۆژهەلاٌت .

-مەحەمەد مەعروف فەتاح زمانەوانی(٢٠١١) ،،هەولێر ،بلاٌو کراوەی ئەکادیمیای کوردی، ژمارە (١٢٤)، چاپخانەی حاجی هاشم.

-مەحەمەد مەعروف فەتاح(١٩٩٠) ، زمانەوانی،هەولێر ،چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین.

-نەسرین مەحەمەد فەخری(٢٠٠٢)، ڕستەو چەمکی ڕستە بەگشتی و تایبەتمەندییەکانی لە زمانی کوردیدا ،بەغدا، دار الثقافة والنشر الکردیە

-نوری تاڵەبانی(٢٠١٤)،فەرهەنگی قانوونی ، ئەکادیمیای کوردی ، ژمارە ٢٦٢.

-وریا عومەر ئەمین(٢٠٠٩) ،ئاسۆیەکی تری زمانەوانی ، ، بلاٌوکراوە ی ئاراس ،ژمارە ٩٠٠.

-وریا عومەر ئەمین(١٩٨٦)،بناغەی سادەترین ڕستەی کوردی، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە .

## سەرچاوەکان بە زمانی فارسی:

-کورشی صفوی فرهنگ توصیفی معنی شناسی،فرهنگ معاصر، تهران،١٣٨٤.

## سەرچاوەکان بەزمانی عەرەبی:


-أبو بكر العزاوي(٢٠٠٦)،اللغة والحجاج،الدار البيضاء،ط١.بيروت.

- أبو الفضل جمال الدين محمد بن مكرم (ابن منظو ر )(٢٠٠٣)،لسان العر ب،دار صادر ،بيروت.

- ابن هشام الأنصاري (د.ت)، مغني اللبيب عن كتب الأعاريب، تحقيق :محمد محيي الدين عبد الحميد، مطبعة المدني، القاهرة.

-أبو حيان الأندلسي (١٩٩٠)،البحر المحيط،دار إحياء التراث العربي، بيروت.

-أحمد بن فارس (١٩٦٤)،الصاحبي في فقه اللغة وسنن العرب في كلامها، تحقيق :مصطفى

الشويمي، بيروت،.

-أزاييط بن عيسى(١٩٩٨)، المعنى المضمر في الخطاب اللغوي العربى القديم:البنية والقيمة التنجيزية(مقاربة تداولية لسانية، أطروحة دكتوراه الدولة ، كلية الاداب مكناس

-ازاييط بن عيسى (١٩٩٢)، من تداوليات المعنى المضمر، من كتاب اللسانيات واللغة العربية بين النظرية والتطبيق سلسلة الندوات،

-آن روبول، وجاك موشلار (٢٠٠٣)،التداولية اليوم، علم جديد في التواصل ، ترجمة: سيف الدين دعفوس ومحمد الشيباني، المنظمة العربية للترجمة، توزيع: دار الطليعة-بيروت، ط١،

-أوستن (٢٠٠٠)،نظرية أفعال الكلام العامة "كيف ننجز الاشياء بالكلام" ، ترجمة عبدالقادر قينيني، أفريقيا الشرق، المغرب،د.ط.

-باتريك شارودور-دومينيك منغنو(٢٠٠٨)، ترجمة عبدالقهار المهيرى،مركزالوطنى للترجمة ،تونس.

-بسيونى عبدالفتاح فيود(١٩٩٨)، علم المعاني دراسة بلاغية ونقدية لمسائل المعاني د. ،ط٢، مؤسسة المختار لنشر والتوزيع القاهرة

-حاتم صالح الضامن(١٩٨٩) ،علم اللغة ، مطابع التعليم العالي ، الموصل .

-حربى نعيم محمد الشلبى(٢٠٠٦) ،الرفض في شعر أبى العلاء المعرى،مجلة جامعة كربلاء العلمية،مج٤،ع٣،م.

-حسان الباهى(٢٠٠٤)، الحوار ومنهجية التفكير النقدي ،أفريقيا الشرق،

-حسن عباس(١٩٦٤)،النحو الوافي ،دار المعارف مصر .

-زيبيلة كريمر(٢٠١١)،اللغة والفعل الكلامى والاتصال، ترجمة سعيد حسن بحيرى،مكتبة زهراء الشرق، القاهرة.

-صابر الحباشة(٢٠٠٨) ،التداولية والحجاج (مداخل ونصوص)، دار صفحات للدراسات والنشر- دمشق، ط١.

-صلاح إسماعيل عبدالحق(١٩٩٣)، التحليل اللغوي عند مدرسة أكسفورد، دار التنوير- بيروت، ط١.

-صلاح إسماعيل(٢٠٠٥) نظرية المعنى في فلسفة جرايس، الدار المصرية السعودية - القاهرة، (د. رقم ط)

-طالب سيد هاشم الطبطبائي(١٩٩٤)،نظرية الأفعال الكلامية بين فلاسفة اللغة المعاصرين والبلاغيين العرب، جامعة الكويت.

-عبدالصبور شاهين(١٩٨٠)،في علم اللغة العام، مؤسسة الرسالة ط٤، بيروت.

-عبدالقادر عبدالجليل(٢٠٠٢)، علم اللسانيات الحديثة : نظم التحكم وقواعد البيانات ، دارالصفاء للنشر ،عمان.

-عبدالنعيم خليل(٢٠٠٧)، نظرية السياق بين القدماء والمحدثين دراسة لغوية نحوية دلالية، دار الوفاء للطباعة والنشر الاسكندرية .

-عبد الهادي الشهري(٢٠٠٤) ،استراتيجيات تحليل الخطاب" مقاربة لغوية تداولية، دار الكتاب الجديد المتحدة - توزيع دار أويا - طرابلس - ليبيا ، ط١

-على عبدالواحد وافي (١٩٨٣)،اللغة والمجتمع، مكتبات عكاظ للنشر والتوزيع.

- فرانسوا أرمينكو(٢٠٠٣) لمقاربة التداولية، ترجمة: سعيد علوش، منشورات مركز الإنماء القومي، ط١

-فضيلة عبدالعباس حسن الأسدي(٢٠٠٩) ،معانى القبول والرفض في القران الكريم دراسة في الالفاظ والاساليب، كلية التربية ، جامعة الكوفة، .

- فيليب بلانشيه (٢٠٠٧)،التداولية من أوستين الى غوغمان ، ترجمة: صابر الحباشة، دار الحوار للنشر والتوزيع ، سوريا،ط١.

-قيس اسماعيل الأوسي(١٩٨٨)، أساليب الطلب عند النحويين والبلاغيين ،المكتبة الوطنية ، بغداد.

– محمد السيدي(٢٠٠٠)، إشكالية المعنى من الاستعارة الاستلزام الحواري ، مجلة فكر ونقد، المغرب، السنة الثالثة ،العدد:٢٥.

–محمد يونس علي(٢٠٠٦)،دار علم التخاطب الإسلامي " دراسة لسانية لمناهج علماء الأصول في فهم النص - .ليبيا، ط١، -المدار الإسلامي– بيروت، توزيع دار أويا – طرابلس

–محمد يونس علي(٢٠٠٤) مقدمة في علمي الدلالة والتخاطب، دار الكتاب الجديد المتحدة–بيروت، توزيع: دار أويا– طرابلس– ليبيا، ط١،

–محمود أحمد نحلة(٢٠٠٢) افاق جديدة في البحث اللغوى المعاصر،دار المعرفة الجامعية، مصر.

–نايف خرما(١٩٧٨)،أضواء على الدراسات اللغوية المعاصرة ، سلسلة عالم المعرفة (٩)، الكويت.

–نعيمة الزهري (١٩٩٧)الأمر والنهي في اللغة العربية، ،مطبعة المعارف الجديدة،الرباط،،د.ط.

–نور الهدى لوشن(٢٠٠٧)،مباحث في علم اللغة ومناهج البحث اللغوي،المكتب الجامعي الحديث، الاسكندرية.

–يحيى بن حمزة العلو ي اليمني(٢٠٠٢) ، الطراز المتضمن لأسر ار البلاغة وعلوم حقائق الاعجا ز،المحقق عبدالحميد هنداوي، مكتبة العصرية بيروت، ط١.

## سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی:


-Austin.j.l.(1962).*How to Dow Things with words*. Harvard: Harvard University press

-Allan, K.(1997).*Performative Clause.In Lamarque.*P.V.& Asher,R.E.(eds.), *Concise Eneyclopedia of Philosophy of Language.*Oxford:Elsevier Science Ltd.

-Adrian Akmajian,(1995),Linguistics An Introduction to language and communication,Massachuetts of technology

- Akmajian, A., Richard A . Demers, Ann K.Farmer and Robert M. Harnish.(2001).*Linguistics: An Introduction to Language and Communication.* Cambridge: Massachusetts Institute of Technology

-Alcan soler,E,safont Jorda,p.Martinez-(2005)"Towards Atypology of Modifiers for The speech act of Requesting: Asocio-pragmatic Approach

-Brown, H.D.(1994).*Pinciples of Language Learning and Teaching.*Englewood Cliffs,NJ:Prentice Hail

-Brown, P., & S. Levinson (1987). *Politeness: Some Universals in Language Usage .* Cambridge: Cambridge University press

-Brown,p.and Levinson,S.(1978).*Universals in Language Usage:politeness phenomena In:Goody ,E.N.(ed).Question and politeness :Strategies in Social Interaction .* Cambridge: Cambridge University press

-Beeb, L.m., Takashi, T., and uliss-Weltz R.(1990). *Pragmatic transfer in E SL refusals.* In R.S.Scarcella E. Anderson, and S. Krashen (eds). *Developing Communicative Competence in a Second Language.* Newyork:New bury Hause.

-Bach,K.Harnish,R.M.(1979).*Linguistic Communication and Speech Act.* Cambridge: Cambridge University press.

-Bussmann,H.(1996).*Routledg Dictionary of Language and Linguistic.* London: Routledge.
-Clark,H.and Carlson,T.(1982). *Speech Act and Hearers Beliefs*. In : Davis, ed, *Pragmatics :A Reader* .Oxford: Oxford University press
-Callies,Marcus.(2009)Information Highlighting in Adranced Learner English-The syntax-Pragmatics interface in second Language acquisition- John Benjamins Publhshing company Amsterdam / philadelphi.
- Chen,X,Yel,l,Zhang.y(1995).*Refusing in Chinese.* Manoa: University of Hawaii press.
-Davis,s.(2001). *Utterance Acts and Speech Acts*. In Vandervekan, D.& Kubo, S.(eds.). *Essays in Speech Act Theory*. Amsterdam: Jhon Benjamins publishing company
-Davis, W.(2005).“*Standford Encyclopedia of Philosophy Implicature*”.http://Yale-du/linguist/faculty/doc/horn.implic.pdf :
- Davidson, J.( 2004). *Hypocrisy and the politics of politeness: Manners and Morals from Locke to Austin.* Cambridge: Cambridge University Press
-Fasold, R. and Connor-Linton, J.(2006). *An Introduction to Language and Linguistics*.(eds.)Elizabeth Zsiga, Donna Lardiere, David Lightfoot,Paul Portner, Deborah Schiffrin, Kendall A. King, Michael Ullman, Shaligram Shukla, Natalie Schilling-Estes, Deborah Tanne Alison Mackey, Inderjeet Mani.Cambridge: Cambridge University Press.
-Finny, D.( 2002). *The ELT Curriculum: Aflexible Model for a changing world.* In Richard, C.J.&Renandya, W.A.(eds.). *Methodology in language : An Anthology of Current Practice*. Cambridge: Cambridge University Press

-Fotion, M.(2003). *From Speech Act to Speech Activity.* In Smith, B.(ed.) John Searle. Cambridge : Cambridge University Press

- Grice, H.(1975). *"Logic and Conversation"*.In P.Cole and J.L. Morgan

-Houck, N., & Gass, S. M. (1995). *Non-native refusals: A methodological perspective.* In S. M. Gass & J. Neu (eds.). *Speech acts across cultures: Challenges to communication in a second language* . Berlin: Mouton de Gruyter

-Kearns, K.(2000).*Implicature and Semantic Change*. University of Canterbury: John Benjamins. http://www.ling.canterbury ac.nz/documents/implicature.pdf.

- Kearns, J.T.( 1994). *Meaning Structure and Speech Acts.* In Tsohatzidis, S.L.( ed.). *Foundations of Speech Act Theory: Philosophical and Linguistic Perspective*. London : Routledge.

- Kernan, Kand Sabsay, S..( 1989*). Communication in Socila Interaction : Aspects of an Ethnography of Communication of Mildly Mentally Handicapped Adults*. In Bereride, M., Conti-Ramsden, G.& Lender, I.(eds) . *Lanuguage and Communication in People with Learning Disabilities*. London: Routledge

- Kogetsidis, M. (2002). *Requesting Strategies in English and Greek: Observations from Airline's Call Center*. Nothren Linguistic Circular. From http:/ www.nottingham.ac.uk/english/n/cleconomidou.pdf.

-Kurdistan Rafiq Moheddin( 2009). *A study of the Cooperative principle Implicatures in English and Kurdish* .Hawler.UnpublishedMA thesis: Salahaddin University.

-Levinson,S.(1983).*Pragmatics*.Cambridge: Cambridge University Press.

-Leech, G(1983). *Principles of Pragmatics*. New York: Longman

- Lyons , J.(1979). *Semantics*. vol.2. Cambridge: Cambridge University Press

-Morgan , J.L.( 1978). *Two types of Convention in Indirect Speech Acts*. In Davis,
S.(ed.).(1991). *Pragmatics : A Reader*. Oxford: Oxford University Press

- Maingay, S. ( 1988). *Longman Handy Learner ' Dictionary*.Harlow: Longman Group limited.

- Nelson, G. , Al Batal, M. and EL Bakary (2002) . *Directness vs. indirectness: Egyptian Arabic and US English communication style.* International Journal of Intercultural Relations ,26 , 39–57.

- Nguyen, T.M.P. (2006). *Cross cultural Pragmatics: Refusals of Requests by Australian Native Speakers of English and Vitnamise Learners of English*.
In http//www.scribd.com/doc/38058949/Thesis-phuong

-Reiter,Rosina(2000). *Lingustic Politeness in Britain and Uruguay: A Contrastive Study of Requests and Appologies*. Amesterdam : John Benjamines Publishing-

-Searle J.R.(1965).*What Is a Speech Act?* In : Davis,S.ed.1991, *Pragmatics:AReader*.Oxford: Oxford University press

-Searle J.R.(1969).*Speech Acts: An Essay in the philosophy of Language*. Cambridge: Cambridge University press.

-Searle J.R.(1975).*A Taxonomy of Illocutionary Acts*. In: Gunderson, K.ed, *Language Mind and Knowledge : Minnesota Studies in the Philosophy of Science.* Vol. VII.

-Searle J.R.(1979). *Expression and Meaning Studies in the Theory of Speech Acts.*
Cambridge : Cambridge University Press

- Searle, R.J. and Vanderveken, D. ( 1985). *Logic, Thought and Action*. Cambridge
: Cambridge University Press

-Tahrani,N. and Yeganeh,A.(1999).*A Dictionary of Discourse*

*Analysis*.Tahran:Rahmana Publications.

-Thomas, J.(1996). *Meaning in Interaction: An Introduction to Pragmatics.* London: Longman

- Yule,G.(1996a.). *Pragmatics*. Oxford: Oxford University Press

- Zhang, F. and Hua You.(2009).*Motives of Directness in Daily Communication*: *An Asian Perspective*. Asian Culture and History, vol.1,No.2.www.ccsenet.org/journal.htm

اقليم كوردستان – العراق
وزارة التعليم العالي و البحث العلمي
جامعة صلاح الدين – اربيل

# الطلب والرفض في اللغة الكردية حسب نظرية الأفعال الكلامية

رسالة

مقدمة الى مجلس كلية اللغات في جامعة صلاح الدين - أربيل وهي جزء من متطلبات نيل درجة الماجستير في اللغة الكردية

من قبل

**حسن على إبراهيم** بكالوريوس في اللغة الكوردية - جامعة صلاح الدين-٢٠٠٦

بإشراف

**د. رحيم قادر سورخى-الأستاذ**

خرمانان ٢٧١٥ الكوردية　　شوال ١٤٣٦ الهجرية　　آب ٢٠١٥ الميلادية

# ملخص

هذا البحث بعنوان (الطلب والرفض في اللغة الكردية حسب نظرية الأفعال الكلامية)، الطلب والرفض بوصفهما فعلين كلاميين لهما دور كبير في التواصل اليومي .فهمها بحاجة إلى مستوى عال من الكفاءة، وأي خلل في مبادىء الطلب أو الرفض يؤدي إلى إعاقة عملية التواصل ، وهذا البحث يلقي الضوء على الطلب والرفض في اللغة الكردية التداولي وقد استعمل الباحث نظرية الأفعال الكلامية لتوضيح الكلام وكيفية استنتاج المعنى البراكماتيكي .واقتضت طبيعة البحث تقسيمه الى ثلاثة فصول أساسية فضلا عن المقدمة

فيما يخص الفصل الأول :فقد تناول البحث الأفعال الكلامية ، شروط نجاح فعل الإنجاز، الفرق بين القول الإنجازي والقول التقريري، و كيفية فهم الأفعال الكلامية ، ونقد نظرية الأفعال الكلامية .

أما الفصل الثاني: فكان بعنوان الطلب ويعني بإلقاء الضوء على أسلوب الطلب وأفعال الطلب مع السياق الإجتماعي ،و المكونات السينتاكسي للطلب.

الفصل الثالث:وهو الأخير فاختص بدراسة الرفض والأفعال الكلامية للرفض، والرفض وأسبابه الاجتماعية.

أما الخاتمة فقد أدرج فيها أهم النتائج التي توصلت إليها الدراسة، مع قائمة المصادر والمراجع.

Kurdistan Region -Iraq
Ministry of Higher Education
And Scientific Research
Salahaddin University -Erbil

# Requests and Refusals in Kurdish according to Speech Acts

A THESIS

SUBMITTED TO THE COUNCLE OF THE COLLEGE OF LANGUAGES – SALAHADIN UNIVERSITY IN PARTIAL FULFILMENT OF THE REQUIREMENTS FOR THE DEGREE OF MASTER OF ARTS IN KURDISH LANGUAGE AND LINGUISTICS

By

**Hassan Ali Ibrahim** B.A. Kurdish Language and Literature-Salahaddin University-2006

Supervised by

Dr. Raheem Qadr Surkhi- Lecturer

August 2015 A.D. Shawal 1436 Al-H. kharmanan 2715 K.

## Abstract

Requests and refusals as speech acts play instrumental roles in day-to-day conversation. Conversational partners need a high competent knowledge in order to understand them since any failure in the strategies of request and refuse may lead to conversation break down.

This study sheds light on request and refuse in Kurdish. The speech act theories are used to illustrate the conversations and as a factor to convey and achieve the pragmatic meaning.

Further, it consists of an introduction and three sections. Section one deals with speech acts, differences between per formative and expressive acts, and also it puts focus on the understanding and the criticisms of the speech act theory.

Section two is about request, and it highlights the strategies of requesting and the speech act of refusal with the social contexts and its syntactic structure.

Section three denotes refusal, and it clarifies the speech act of refusal along with the refusal strategies and the social factors. Finally, conclusion and a list of references are given in the end of the paper.